# توركياو يەكێتی ئەوروپا

د. زەهرا نەوعپەرست

## هەوڵی دورودرێژی توركيا بۆ بەئەوروپایی بوون

ژمارەيەك كەس، سەرەتای مێژوی پەيوەنديی نێوان توركياو ئەوروپا بۆ سەردەمی ئیمپراتۆريی عوسمانیو جەنگی كەريمە دەگەڕێننەوە، ئەوكاتەی كەهاوشانی بەریتانیاو فەرەنسا دژی روسیا شەڕی كردو لە سایەی بەئەندامبوون لە((كۆنسێرتی ئەوروپایی))دا سياسەتی روەو ئەوروپاو مەيلی بەئەوروپایی بوونی نواند.

بەئەوروپایی بوونی توركيا، لەپاش جەنگی يەكەمی جيهانو داڕوخانی ئیمپراتۆری عوسمانیو دروستبونی توركيای ئەمڕۆوە بەشێوەيەكی جيددی دەستی پێكردو لەم كاتەوە، ئامانجی بەئەوروپایی بوون بووەتە ئامانجی بنەڕەتی توركيا. كەمال ئەتاتورك لەسايەی سەركەوتن لەبیرۆكەی جياكردنەوەی ئايين لەسياسەتەوە، زۆرێ لەديارەكانی ژيانی رۆژئاوايی هێنايە ناو كۆمەڵی توركياوە، كەزۆرينەی دانيشتوانی موسوڵمانە.

پاش تەواوبوونی جەنگی دوەمی جيهان، پەيوەندی نێوان توركياو ئەوروپاو رۆژئاوا، زياتر تايبەت بوو بەمەيدانەكانی سياسی، سەربازیو كۆمەڵايەتی. هەروەها كۆچكردنی هەزاران كرێكاری تورك بۆ ئەوروپاو ئەڵمانيا بەتايبەتی، جۆرێ وابەستەيی دولايەنەی كۆمەڵايەتیو ئابوری لێ كەوتەوە چونكە لەسەرێكەوە ئەوروپا بەگشتیو ئەڵمانيا بەتايبەتی سودی لەهێزی كاری هەرزانی توركيا وەرگرتو لەسەرێكی ترەوە كرێی ئەم كرێكارانە بووە سەرچاوەيەكی بەرچاوی داهات بۆ توركيا.

بەڵام لەڕوی سياسیو سەربازییەوە، بەئەندامبونی توركيا لەناتۆ ساڵی ١٩٥٢، وای كرد ئەم وڵاتە ببێتە مەداری رەوتی سياسی سەربازی رۆژئاواوەو ببێتە ئامرازی بەكاربردنی سياسەتی((بەرگرتن لەدەسڕۆیی كۆمۆنيزم)). پاش داڕوخانی كۆمۆنيزمو بۆ ماوەيەكی كورت، وادەهاتە بەرچاو كەچیتر توركيا بايەخی خۆی لەم بارەيەوە لەدەستداوە، بەڵام هەر زوو و پاش پەلاماردانی كوەيت لەلايەن عيراقو هەڵگيرسانی جەنگی يەكەمی كەنداوەوە، واتە تۆپەراسیۆنی(گەردەلولی بيابان)ی هاوپەيمانان بەسەركردايەتی ئەمریكا، توركيا وەك هاوپەيمانێكی بەهادار بۆ رۆژئاوا دەركەوتەوە.

پەيوەنديی نێوان توركياو يەكێتی ئەوروپاو پێشتر((كۆمەڵەی ئابوریی ئەوروپا)) بۆ مێژوی دروستبوونی ئەم كۆمەڵەيە دەگەڕێتەوە، چونكە توركيا لەسايەی پشتگيری شارل ديگۆلەوە لەساڵی ١٩٦٣ بووە((ئەندامی وابەستەی)) كۆمەڵی ئابوری ئەوروپا، كەئەوكات تەنها ٦ ئەندامی هەبوو. پێشتريش لەساڵی ١٩٤٩ ببوە ئەندامی((ئەنجومەنی ئەوروپا)) ساڵی ١٩٧٠ توركيا دەيتوانی دەست بەدانوستاندنی تايبەت بەئەندامبون بكا، بەڵام رارايی نيشانداو لەبەر هەندێ هۆكاری سياسیو ئابوری بانگێشتێكی بۆ دانوستاندن رەتكردەوە. سياسەتمەدارە ناسيۆناليستە توركەكان زياتر لايەنگرییان لەسيستمی ئابوری پشتگيری كراو دەكردەوە، چونكە بیريان بۆ ئەوە دەچوو كەكۆمەڵی ئەوروپا بريتييە لەكۆبونەوەيەكی وڵاتە مەسيحييەكانی ئەوروپاو بەئەندامبونی توركيا لەم يەكێتييەدا، بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە دەستەبەر ناكا. كەچی يۆنان، ركەبەری سەرسەختی توركيا، بەخێرايی چووە پێشو پەيوەندی بەيەكێتی ئەوروپاوە كرد. ئەوكاتەی ساڵی ١٩٨٧، توركيا بەخۆی هاتەوەو داوای پەيوەندی كردن بەيانەی زۆر بەهێزی ئابوری ئەوروپاوەی كرد، كات زۆر درەنگ بوو، چونكە وردە وردە موشتەری زۆر لەپشت دەرگا زێڕينەكەی يەكێتی ئەوروپاوە لەڕیز وەستابوون. هەروەها وردە وردە وڵاتە ئەوروپییەكانی خۆرهەڵاتو ژمارەيەك وڵاتی كۆنی يەكێتی سۆڤێت، سەرجەم داوای هاتنە ناو يەكێتييەكەيان دەكردو سياسەتی رۆژگار وای دەخوازی كەئەولەوييەتيان پێ بدرێ. سەرەنجام توركيا پشوودرێژی گرتەبەرو چەندين ساڵ چاوەڕوانی كێشا، تا ئەمەی لە ساڵی ١٩٩٩ بەرەسمی ناوی توركيا وەك پاڵاوتەی ئەندامێتی راگەيەندرا. لەماوەی ئەو ١٥ ساڵەدا كەتوركيا بۆ بەئەندامبوون لەدەرگای ئەوروپایدا، ژمارەيەكی زۆر وڵاتی تر، بەئەندام وەرگيران . بۆ نمونە لەمانگی ئايارى رابردودا هاوكات پێكەوە پەيوەندييان بەيەكێتی ئەوروپاوە كرد كەژمارەيەكيان(ستوانيا، ليتوانياو ليتونی) تا داڕوخانی يەكێتی سۆڤێت بەشێك بوون لەو ئیمپراتۆرییەتەو ژمارەيەكی

تریان(پۆلەندا، سلۆڤاکیاو چیك) بەولاتی سەر بەو ئیمپراتۆرە لەقەلەم دەدران. جگە لەوە پێش ماوەیەك یەکێتی ئەوروپا دانوستاندنەکانی خۆی بۆ وەرگرتنی کرواتیا لەمارتی ٢٠٠٥و بولگاریاو رۆمانیا لەساڵی ٢٠٠٧ دەستپێکرد.

کەواتە چی بەئەندامبونی ئەنقەرەی پاشخستوەو بۆچی ئەم ولاتە سورەو دەیەوێ بەهەر نرخێك بێ، بچێتە ریزی یەکێتی ئەوروپاوە؟

## هۆیەکانی هەوڵی تورکیا بۆ بەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپا

تورکیا پێی وایە بەئەندامبون لەیەکێتییەکەدا دەبێتە هۆی گۆڕانی سیاسی، ئابوریو کۆمەلایەتی لەولاتدا، کەژمارەیەکیان راستەوخۆ دێنە دەستو ژمارەیەکی تریان بەپەیڕەوی کردن لەگۆڕانەکان رودەدەن. لەو هۆیانەی کەزیاتر بیریارانی سیاسی لەبارەی پێداگرتنی تورکیا بۆ بەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپادا ئاماژەی پێ دەدەن بریتییە لەمانە:

١-رەخساندنی سەقامگیریو ئاسایشی سیاسیی زۆرتر؛ پێکهێنانی هاوتایی بۆ کەمکردنەوەی دەسەلاتی سەربازییەکان؛ درێژەپێدانو بەهێزکردنی رەوتی جودایی ئایین لەسیاسەت؛ سود وەرگرتن لەئیمتیازە ئابورییەکانی ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا؛ راکێشانی سەرمایەگوزاری کردنی دەرەکیو کەمکردنەوەی بێکاریو قەرزەکانی سەر ولات؛ گوێزانەوەی زانستو تەکنەلۆجیاو هێنانەدی بەرژەوەندی دارایی؛ پەکخستنی هەوڵی نەیارانی ولات، وەك یۆنان لەیەکێتی ئەوروپادا؛ بەدەستهێنانی ئامرازێکی گوشار بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هاوسنورە ئاسیاییەکانو زیادبونی دەسڕۆیی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاستدا.

وەك پێشتر باسکرا، تورکیا چەند هەلێکی بۆ بەئەندامبون لەبازاڕی هاوبەشی ئەوروپادا لەدەستدا، لەکاتێکدا حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم ولاتە بەهەمو باڵو گروپەکانیەوەو هیچ کاتێ دودڵییان لە بەئەوروپایی بووندا نیشان نەداوەو لەم رەوتەدا سوپای تورکیا هەمیشە رۆڵێکی دوانەیی بۆ بەئەوروپایی کردنو هاوکات کۆنترۆڵکردنی لەو دۆخانەدا کەئاسایشی ولات، چ لەدەرەوەو چ لەناوەوە دوچاری مەترسی بوبێ لەئەستۆ گرتوە. خوێندنگە سەربازییەکان بەپێوەرێکی بالای خوێندنەوە، لەبنەڕەتەوە توێژێکی خوێندەواری پسپۆڕ، ئەوانەی حەز بەنزیکیی رۆژئاوا دەکەن، پەروەردە دەکا. جگەلەوە هەلومەرجەکانی جەنگی ساردو پاشان پێکدادانی چەکدارانە لەگەڵ کوردەکان، هەلۆیستەیەکی لەبزاڤ بەرەو دیموکراسیدا دروستکرد. مێژوی رابوردو، زۆر دۆخی دەستوەردانی عەسکەرییەکان بۆ سنوردارکردنی رەوتی دیموکراسیو دەسڕۆیی عەسکەرییەکانو تەنانەت ئەنجامدانی کودەتای سەربازی لەسالانی١٩٦٠و ١٩٧٠و١٩٨٠دا نیشان دەدا، بەلام ئێستا ئەو هەلومەرجە ماوەی قبوڵ نییەو دەسەلاتدارانو سیاسەتمەدارە تورکەکان بەهەمو جۆرێ هەوڵ بۆ رێگرتن لەمەو کەمکردنەوەی دەسەلاتی عەسکەرییەکانی دەدەنو باشترین گرەنتی بۆ درێژەدان بەریفۆرمی دیموکراتی بەلای ئەمانەوە بریتییە لەدەستوەردانی فاکتەرو هۆیەکی دەرەوەی سیستمی سیاسی. لەم سۆنگەیەوە سیاسەتمەدارانی تورك پێیان وایە کەبەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپادا جۆرێك لە چاودێریی هەمیشەیی بەسەر کاروبارەکاندا دەڕەخسێنێو بتەویو نەتەوێ یارمەتی پەرەسەندنی دیموکراسی دەدا. هەروەها پەیوەندی کردن بەیەکێتی ئەوروپاوە، سەقامگیریی سیاسیو ئاسایشی ولات بەرێگای جیاجیا دێنێتە دی.

بێ لەوە بەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپا، یارمەتی نۆژەن کردنەوەی سیستمی سیاسی، ئابوریو کەلتوری بەرێگای جۆراو جۆر دەداو دەتوانرێ دەست بەتریبۆنی جیاجیای وەك پەرلەمانی ئەوروپا، ئەنجومەنی ئەوروپاو ئەرکانە سەرەکیو لاوەکییەکانی تری یەکێتییەکە، بەشێوەیەکی هەمیشەیی بگاو هەلێك بۆ تورکیا برەخسێنێ تا بتوانێ بەدگومانییە جیاجیاکان لەناوببا، بۆ نمونە دژ بەسیاسەتەکانی یۆنان هەلۆیستی خۆی روون بکاتەوەو مکۆمی بکا. چونکە لەزۆر دۆخی وەك رێککەوتنی بازرگانی ئازادو ناردنە دەرەوەی پۆلادا، یۆنان لەسایەی سود وەرگرتن لەمافی ڤیتۆ رێی لەو یاسایانە دەگرت کەبەرژەوەندی دارایی، زانستیو تەکنیکی بۆ تورکیا هەبوایە. کەواتە بەبێ بەدەستهێنانی پلەی تەواوی ئەندامێتی، رێگاکانی تری وەك رێککەوتنی هاوکاری یان((ئەندامێتی وابەستەی ناتوانن بەرژەوەندییەکانی ئەنقەرە دابین بکەن.

تورکیا بیری بۆ ئەمە دەچێ کەبەچونە ریزی یەکێتی ئەوروپاوە، ئاستی متمانەی سەرمایەگوزارانی بیانی بەم ولاتە زیاد دەکاو لەم رێگایەوە رێژەی بێکاریو بڕی قەرزە دەرەکییەکان(٢٠٨ ملیار دۆلار)کەم دەبنەوە.

لەبەرئەو راستییە سیاسییانەی گۆڕەپانی تورکیاو لەسایەی رووداوەکانی ٢٠ساڵی دوایی خۆرهەلاتی ناوەڕاستو ولاتانی دراوسێوە، تورکیا حەزدەکا لەجیاتی خەیاڵپلاوی دەربارەی یەکێتییەکی ئابوری لەگەڵ ولاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست یان ولاتانی ئاسیای ناوەڕاستو قەوقاز، هەوڵ بدا بەرژەوەندییە ئابوریو سیاسییەکانی خۆی لەرێگای پەیوەندی کردن بەیەکێتی ئەوروپاوە

مسۆگەر بکا. دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە جەختێکی زۆر لەمەڕ ڕێگرتن لەزیندوبونەوەی ئیسلام گەرایی توندڕۆ دەکەن، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی لەژمارەیەك وڵاتی ئیسلامیی وەك میسرو جەزائیردا هەیە. بەلای ئەنقەرەوە بەئەندامبون لە یەکێتی ئەوروپا دەتوانێ کاریگەرییەکی زۆری لەدەستەبەر کردنی ئەم ئامانجەدا هەبێ.

هەروەها تورکەکان باوەڕیان وایە کەئومێدی پەیوەندی کردن بەیەکێتی ئەوروپا، ئەنگێزەیەکی ئێجگار بەهێزە بۆ درێژەدان بەڕیفۆرمو ڕێفۆرمە بەربڵاوەکانی دوو ساڵی رابردوو باشترین بەڵگەی ئەم بۆچونەن.

## ریفۆرم

لەسۆنگەی ئەو بەڵگانەی سەرەوەو لەسایەی باوەڕی پتەو بەچارەسەرکردنی کێشەی پاشکەوتنی ئەندامێتی، لەساڵی١٩٩٩ـەوە تورکیا بەپرۆژەی کاریگەرو بەجێهێنانی دیپلۆماسیی بەردەوامەوە، بەدوادا چونی بۆ مەسەلەی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپادا کردوەو بەردەوام خێراییو تەوژمی ریفۆرمەکانی زیادکردوە، بەجۆرێ تاکو ئابی ٢٠٠٢ سێ زنجیرە ریفۆرمی لەسەر بنەمای هێڵە دیاریکراوەکان لەلایەن کۆمیسیۆنی ئەوروپاوە ئەنجامدا کەبریتی بوون لەبڕینەوەی حوکمی لەسێدارەدان، دانی مافەکانی تایبەت بەزمانو خوێندن بەکوردی، ریفۆرمەکانی تایبەت بەدامەزراندنی ئابووریی ئازاد. جگە لەوە لەدوو ساڵی رابردودا، ریفۆرمی زیاتر بۆ دابینکردنی((پێوەرەکانی کۆپنهاگن))ی ئەنجام داوە.

ئەگەرچی تورکیا تا ئێستا توانیویەتی گیروگرفتی زۆر تێپەڕێنێ، بەڵام هێشتا گرفتی زۆری شی لەپێشدایە، کە یەکێکیان بریتییە لەڕوبەڕوبونەوەی مەعمای((پێکهێنانی هاوسەنگی لەنێوان دیموکراسیو ئیسلامگەراییدا)). چونکە لەلایەکەوە پێویستە مەیلی سیاسیی توندی ژمارەیەك حزبو گروپ کۆنترۆڵ بکاو لە سەرێکی ترەوە دەبێ سەرجەم هەنگاوەکانی حکومەت بەشێوەیەکی دیموکراتییانە ئەنجام بدرێن. بێ لەمانە پێویستە تورکیا تەحەمولی ژمارەیەك بیانوی ئەوروپاش بکا، لەوانە بۆ نمونە لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٠٢دا یەکێتی ئەوروپا تورکیای ئاگادارکردەوە کەئەگەر سوپا((حزبی پەرەپێدانو عەدالەت))، بەهۆی مەیلە ئیسلامییەکانی پێشوتریەوە قەدەغە بکا، ئەوا ئەوروپا والێکی دەداتەوە کەتورکیا لەهەلپەی دیموکراسیدا نییە. سەیر لەمەدایە کەئەوکاتەی سوپا سەرکەوتنی ئەم حزبەی لەهەڵبژاردنەکاندا پشت راست کردەوە، کەچی ئەوروپا ئاوازی ئەمەی دەژەنی کەناتوانێ ڕێگا بەوڵاتێك لەڕیزی یەکێتییەکەیدا بدا، کەلەلایەن ئیسلامگەرایانەوە بەڕێوە ببرێ.

یەکێکی تر لەمەسەلە دژوارەکان بریتی بوو لەریفۆرمی یاسای سزادانو تورکیا پاش ٧٨ساڵ، زۆرترین گۆڕانی لەیاساکانی سزادانی خۆی، لەئەیلولی ٢٠٠٤دا ئەنجامدا. بەزۆری پێویستییە کۆمەڵایەتییەکان فاکتەری سەرەکی ریفۆرمن لەیاساکاندا، بەتایبەتی یاسای سزادان، بەڵام لەدوو ساڵی رابردودا حکومەتی تورکیا هەمیشە هەوڵی داوە تا بەگوێرەی پێویستییە سیاسیو ئابوورییەکانی دەرەنجامی پێوەرەکانی کۆپنهاگنو لەپێناو دابینکردنی خواستی یەکێتی ئەوروپا دەست بەریفۆرمی یاسایی بکا، کەدیار نییە ئایا کۆمەڵ ئامادەگی قبوڵکردنی ژمارەیەکیانی هەیە یان نا. لەوانەیە ئەو مافانەی یەکسەرە دەدرێتە هاووڵاتی، هێشتا جێگای خۆی لەکۆمەڵدا نەدۆزیوەتەوەو ناکۆکییە مافناسیو سزاییەکانی دەرەنجامی، بڕێك گەورە داخوازی هێنایە مەیدانەوە، بەجۆرێ کەدەزگای قەزایی وڵات بەزەحمەت دەبوایە بچێتە ژێربارییەوە. ژمارەیەك ریفۆرمی یاسایی بۆ گۆڕینی دابو ریو رەسمی باوو کۆنە ئەنجامدرا، کە لەماوەی زەمەنی قابیل قبوڵو وردە وردە دەبێ بگۆڕێن.

هەروەها ئەو ریفۆرمە سیاسییانەی چەندین ساڵ تورکیا بەرامبەریان وەستا، ئەنجام درانو هەندێ گۆڕان بۆ زیادکردنی حکومەتی یاساو دانی ژمارەیەك مافی سیاسیو ئازادی چاپەمەنی، مافی مرۆڤ، دانانی سزا بۆ دەستدرێژی کردنی توندوتیژی، ئەشکەنجەو تاوانی ناموسی بەمنداڵان بەشێکی لەم جۆرانە.

هەرچۆنێ بێ تورکیا لەڕوی ناچارییەوە دەبێ ئەو پێوەرانە جێبەجێ بکا کەبۆی دەستنیشانکراوە. وردبینی سەرجەم هەنگاوەکانی ئەم وڵاتە لەچەند ساڵی رابردودا، لەبوارەکانی تایبەت بەڕیفۆرم، ئەم هەلەی لەتورکیا سەندەوە کەبتوانێ وەك جاران سیاسەتی دوو هەنگاو بۆ پێشو یەك هەنگاو بۆ پاش درێژە پێ بدا. گۆڕانەکانی ساڵی رابردوو کاردانەوەی یەکێتی ئەوروپا دەریانخست کەهەمو فەرامۆشکردنێکی داواکانی ئەوروپا، پەیوەستبونی ئەنقەرە بەئەوروپاوە ناکام دەکا. دوبارە دادگایی کردنەوەی لەیلا زانای مافناسی کوردو نارەزایی توندو هەڕەشەی یەکێتییەکە لەو جۆرە بوو. بۆیە بەناچاری تورکیا لەحوزەیرانی ٢٠٠٤دا ئازادی کرد یان لەڕۆژانی دوایی خستنەڕوی راپۆرتی((کۆمیسیۆنی سەربەخۆ)) بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، گونجاندنی((مافی باوی پارێزگاری کردن لەناموس)) لەمافناسی سزاداندا، هەڕەشەیەکی راستەوخۆی تری دەربارەی کاریگەریی ئەم مەسەلەیە لەسەر بڕیاردانەکانی کۆمیسیۆنی لەبارەی خستنەڕوی((ئامۆژگاری)یەوە لەگەڵدا بوو.

## بەرەو پێش بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی تەواو

تورکیا لەسەرەتای هەوڵەکانی بۆ پەیوەندی کردن بەیەکێتیەیەکەوە، واتە لەساڵی ١٩٨٧ـەوە، بەشتێکی کەمتر لەئەندامێتی تەواو بیری نەکردوەتەوەو بەتەئکید کردنەوەو چەندین جار لەبۆنە جیاجیاکان، خواستی خۆی خستۆتە ڕوو. پشت بەستن بەرێککەوتننامەی ساڵی١٩٦٣ بەکارتی براوەی مافناسی تورکیا دادەنرێ، چونکە ئەم مافە بەئەنقەرە دەدا تا ئەجۆرە چاوەڕوانەی هەبێو ئەگەر تا ئێستا بەدەستی نەهێناوە ئەوا لەبەر دوو هۆکارە:

بیانوو گرتن بە تورکیاو ڕاڕاییەکانی پاشتر لەلایەن ژمارەیەك وڵاتو گروپە ڕاستڕەوی یەکێتیەیەکەوە هەبوون، ئەوانەی گومان لەئەوروپایی بوونی تورکیا دەکەن. بەشێکی زۆری ئەوانەی دژی بەئەندامبونی تەواوی تورکیان، پێشنیازی تریان بۆ پەیوەندی کردنی ئەم وڵاتە بەیەکێتیەیەکەوە لەچوارچێوەی((ئەندامی وابەستە))و شتی تری لەمجۆرەدا هەیە کەهەمویان بەتوندی لەلایەن تورکیاوە ڕەتدەکرێنەوە. ئەم مەیلە تەنانەت تا چەند ڕۆژێکی پێش ١٧ی ئەیلول لەژمارەیەك پایتەختی ئەوروپادا بەدی دەکرا، بەڵام هەڵوێستی پتەوی سەرانی تورکیا هیچ ڕاڕاییەکی لەبەردەم سیاسەتمەدارە گەورەکانی ئەوروپادا نەهێشتەوە کەئەنقەرە هیچ سازشێك لەجۆری پەیوەندی کردنی خۆیدا ناکا. لەڕاستیدا ملدان بۆ ئەم بابەتە جۆرێ لەو واقعگەرییەی نیشاندا کە لەلایەن سەرانی ئەوروپاو تەنانەت جیهانەوە گیرایە بەر.

پاش بڵاوبونەوەی((ئامۆژگارییەکانی کۆمیتەی سەربەخۆی تایبەت بەلێکۆڵینەوە لەهاتنە ڕیزی تورکیا)) لە٦ی ئۆکتۆبەرو دیاریکردنی هەلومەرجی دژوارو تازە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستاندنەکان، هیچ گومانێکی نەهێشت کە سەرەڕای قبوڵکردنی زمنی، هێشتا ڕاڕایی لەناو یەکێتیەیەکەدا ماوەو بەگوتەی سیاسەتمەدارانی تورك، سەرانی یەکێتیەیەکە ئامادەن، بەڵام خەڵکی ئەوروپا هێشتا ئامادە نییە.

## فاکتەرە ناحکومییەکانی ڕەوتی بەئەندامبون

### ١/ کەمینەی تورك لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا

ڕیشەی پەیوەندییە مێژویی، سیاسی، سەربازیو کەلتورییەکانی بەئەوروپاوە، لەچوارچێوەی ناتۆ، ئەنجومەنی ئەوروپا، کۆمەڵی ئابورری ئەوروپامان بۆ دەرکەوت، ئێستا بەشێوەیەکی خێرا چاوێك بەیەکێ لەدۆخە تاڵو شیرینەکانی سەبارەت بەئابوریو کۆمەڵایەتی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دەخشێنین، ئەم فاکتەرەش بریتییە لەبوونی کەمینەی تورك لەوڵاتە ئەوروپییەکان بەگشتیو بەزۆری لەئەڵمانیادا.

بەپێی ئامارەکان، ٣,٨ ملیۆن تورك* لەئەوروپای ڕۆژئاوادا دەژینو لەم ژمارە زیاتر لە٢ ملیۆن کەسیان لەئەڵمانیا دەژین. تورکەکان وەك هێزی کاری هەرزان، پاش جەنگی دووەمی جیهان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژمارەیەك وڵاتی ئەوروپایی، بەتایبەتی ئەڵمانیا ملیاندایە بەر کارکردن. پاش ماوەیەك ژمارەیەکیان گەڕانەوە تورکیاو ژمارەیەك خێزانیش بانگێشتی خێزانەکانیان بۆ وڵاتانی ئەوروپا کردو وردە وردە بوون بەنیشتەجێی ئەم وڵاتانەو نەوەکانیان هاوڵاتیێتی ئەڵمانیاو وڵاتانی تریان بەدەستهێنا. لەساڵانی ١٩٦٠دا، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەم ژمارەیە زیادی کردو بوونی کرێکارانی تورك، کەڕۆژێ لەڕۆژان بەفاکتەرێکی گرنگی ئابوری ئەڵمانیا لەقەڵەم دەدرا، وردە وردە لەگەڵ زیادبوونی هێزی کاری لۆکاڵ، هەڵکەوتی خۆی لەدەستدا، بەتایبەتی کەزۆربەیان داوای ئیقامەیان دەکردو کەمتر بیریان لەگەڕانەوە بۆ وڵات دەکرد. ئەو ڕەوشەی ئەڵمانییەکان بەرامبەر بەم کۆچبەرانە گرتیانەبەر، پاڵی بەتورکەکانەوەنا تا نەریتە ئیسلامییەکانیان زیندو بکەنەوەو هالەیەکی پشتیوانەیی کەلتوری پێکبهێننو لەم ڕێگایەوە بتوانن سەرباری پاراستنی ناسنامەی خۆیان، وەڵامی ڕەفتاری ئەڵمانەکان، واتە بەهاوڵاتی پلە دوو حسابکردنیان، بدەنەوە. زیندوکردنەوەی بەهاکانی کەلتوری ئیسلامی لەلایەن تورکەکانەوە بووە هۆی وروژاندنی هەستیاریی زیاتری تاکە خۆماڵییەکان. هەرچۆنێ بێ پێشینەی کەمینەی تورك لەئەڵمانیا ئەم ڕاستییە نیشان دەدا کەهەم لەناو تورکەکانو هەم لەناو خەڵکی خانەخوێدا، ڕادەی بەنەرمی ڕەفتارکردنی هەموان وەك یەك نییە. وەك چۆن ژمارەیەك تورك حەز بەئاوێتەبون لەکۆمەڵی ئەوروپاو پەسەندکردنی هەندێ بەهای کەلتوری ڕۆژئاوا دەکەن، ژمارەیەك تاکی خۆماڵیش توانای لەخۆگرتنی ئەو کۆچبەرانەیان هەیە کەپێ

---

* ڕاستتر وایە بوترێ تورکیایی چونکە بەشێك لەم ژمارەیە کوردو ئەرمەنو عەرەبی دانیشتوی تورکیایە (وەرگێر).

لەسەر جیاوازبونی خۆیان دانەگرن. بەڵام حکومەتی ئەڵمانیا بێ گوێدان بەحەزو ئارەزوی ئەم یان ئەو در یژەی بەرەوتی خۆ یدا، بەتایبەتی حکومەتەکەی شرۆیدەر، کەسەرکەوتنی خۆی لەهەڵبژارنەکاندا بەرای دەنگدەرە تورکەکانەوە گرێداوە بەتوندی پشتگیری لەپەیوەندی کردنی تورکیاوە کرد. شایانی باسە دژە بیانی لەبەشی خۆرهەڵات بەشێوەیەکی بەرچاو هەیەو تارادە یەك کاری گەری لەسەر هاوکێشەکان داناوە.

ئەم رەفتارە کەلتوریو کۆمەڵایەتییە ئەگەرچی نیشانەی بەرگریو هەڵوێستەی تورکەکا نە، بەڵام لە هەمان کا تدا پێش ئەزمونێکە بۆ هەردولا وەك یەك، واتە لەسەرێکەوە بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دەر یدەخا کەئە گەر پاش وەرگرتـنی تورک یا، رەفتارێکی یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیانیدا نەکرێو کەلتورە ئیسلامییەکەیان هەرچەندە بەکاڵیش بێ، رەچاو نەکرێ، ئەوا رەوشێکی پاشەکشەی لەگۆڕانەکانی داهاتودا دەبێو لەسەرێکی ترەوە، چاوەڕوان دەکرێ کەبەسود وەرگرتن لەدەر فەتی ١٠ یان ١١ ساڵە، تورکیا بەپشوو درێژی ریفۆرمەکان بەرەوپێشەوە بەرێ، بەجۆری خواستی ئەوروپایی یەکان بێنێ تە دی. هەر چۆنێ بێ، لەروی کۆمەڵایەتیو کەلتورییەوە گرتنەبەری رێگایەك کەزیاتر ئەوروپیەکان، باش یان خراپ، لایەنی کەم پێش ١٠٠ ساڵ دە ستیان پێکرد، لەماوەیەکی کەمدا قازانجو زیانە لاوەکیەکانی خۆی دەبێ. ئەمە جگە لەو زەمینە نێگەتیڤەی کارە تیرۆری ستیەکەی ١١ی ئەیلول لەمێشکی رۆژئاوایییەکاندا دروستی کرد، بەجۆرێ ئەوەی بۆنی بونیادگەری ئیسلامی لێ بێ، لێی دوردەکەونەوە.

## ب- مەیلی کەمینەی کورد

کەمینەی کورد هەمیشە کاریگەرییەکی بەرچاو و دیاری لەرەوتی سیاسی، ئابوری ناوخۆییو دەرەکی تورکیادا هەبووەو ئەم کاریگەرییە بەشێوەی جیاجیا لەساڵانی رابردودا لەگۆڕانو وەرچەرخاندا بووە. ئەمجا مەدانی ری فۆرمی کۆمەڵا یەتی، سیا سی بەئامانجی ئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپادا، گۆڕانێکی بنچینەیی لەسیاسەتی تورکیا بەئاڕاستەی دەستەبەرکردنی هەندێ مافو ئازادی بۆ کەمینەی ١٢ ملیۆنیی کورد دروستکردوەو دوا بەدوای ئەمە ژمارەیەك کورد بەپشتگیری هەو ڵەکانی حکو مەت بۆ بەئەندامبون، رێگای هاتنەدی ئەم مەسەلەیە خۆش دەکەن، لەوانە بەرای ژمارەیەك وەك لەیلا زانا چیتر دروشمی ب کوژو بکوژرێ جێگای نەماوە، بەڵکو دەبێ بوترێ بژیو لێگەڕێ باکەسانی تریش بژین. لەیلا زانا ئامانجی خۆی بەمجۆرە گوزارشت دەکا؛ خەڵکی بەزمانو کەلتوری جیاجیاوە دەبێ وەك برا لەپاڵ یەکتر بژین. لەیلا ستای شی حکو مەتی تورک یای لەرێگای دە سپێکردنی دانوستاندنی بوون بەئەندام لەیەکێتییەکەدا دەکرد، بەڵام هەرچۆنی بێ پێی وایە کەپێویستە ئەنقەرە بەسەرسەختی زیاترەوە کار بۆ دانی مافی زیاتر بەکورد بکا.

زۆربەی ئەو کوردانەی لەکاتو هەلومەرجی جیهان تێدەگەن، پێ لەسەر چارەی ئاشتییانە لەچوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیادا دادەگرن. پاش تەقینەوە تیرۆر ستیەکەی ١١ی ئەیلول لە سەنتەری بازر گانی جیـ هانی لەنیویۆرکو پاش پراکتیزەبونی سیاسەتی حکومەتی ئەمریکا لەروبەڕوبونەوەی سەربازییانەی تیرۆریستان، چیتر جێگایەك بۆ کاری جوداخواز یو تیرۆریستی لەجیهاندا نەماوە.

ئەگەر کوردەکانی تریش بەهەمان ئەم رەوشە مامەڵە لەگەڵ مەسەلەی ئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا بکەن، ئەوا هەم کاری حکومەتی تورکیا ئاسان دەبێو هەم کوردەکان دەتوانن لەچوارچێوەی یەکێتییەکەدا سوود لەبڕیارنامە گونجاوەکانی تایبەت بەکەمینەکان وەرگرن.

## پ/ مەیلی جەماوەر

ئەگەر بۆ هەڵسەنگاندنی مەیلی خەڵکی تورکیا، لەوتارو چاوپێکەوتنی میدیا نێودەوڵەتیو ناوخۆییەکان بکۆڵینەوە، دەبینین کەزۆربەی ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، لەهەواڵی دەسپێکردنی گفتوگۆ کان خۆ شحاڵنو بە سەرکەوتنێکی بۆ وڵات دادەنێن. بەڵام کەسانی کلاسیكو پیر باوەڕیان وایە کە لەرۆژئاوا هیچ شتێ جگە لەخراپی دە ست نا کەوێو بەبەدگومانی یەوە

دەڕواننە مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا. بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی پێی وایە کەئەمە سەرەتایەکە بۆ تێپەڕاندنی حەوت خوانەکەی* تر، بەڵام لایەنیکەم تورکیا ئەو هێڵە ئاسنینەی دەیگەیەنێتە جێگای مەبەست، داڕشتوە.

لەیەکەم تێڕوانیندا بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا بەلای خەڵکی ئاساییەوەو لەڕوی سیاسییەوە وا تا ئازادیو یەکسانی زیاتر، بەجۆرێ هیچ کەسێکی ژێر تەنانەت لەگوندە دوور دەستەکانی وڵاتیشدا لەبنەڕەتەوە نابێ دژی مەسەلەکە بێ. لەڕوی ئابورییەوە، بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا واتە زیادبونی کار لەناوخۆو هەلی کارکردن لەدەرەوەی وڵات، چونکە لەسایەی زیادبونی سەرمایەگوزاری دەرەکیو باشبونی بارودۆخی ئابورییەوە هەمو کەسێك چانسی باشتری بۆ کارکردن دەبێ. رەنگە ئەوەی مایەی ناڕەزایەتی بێ، نیگەرانی خەڵکییە لەپاراستنی بەها کەلتوریو مەزهەبییەکان، بەڵام ئەمەش زیاتر لە٨٠ ساڵە خەڵکی خوویان بەگۆڕانەکانی تایبەت لەم بارەیەوە گرتوەو خەڵکی تورکیا هەلومەرجێکی لەبەراورد نەهاتوو بەوڵاتە موسڵمانەکانی تری تاقیکردوەتەوەو خوویان بەگۆڕانی لەمجۆرە گرتوە. یەکێ لەو دۆخە نا چارانەی لەڕەوتی ڕیفۆرمی یاسایی و مافناسیی مرۆڤدا هەیە، بریتییە لەتێکچونی هاوسەنگی ئێستا لەناو خێزانە کلاسیکەکانی تورکیا، کە بەزیانی پیاوەو ئەمەش لەوانەیە هەندێ ناڕەزایی دروست بکا. بەڵام تورکەکان زیاتر خۆیان لەو کۆمەڵانەدا بینیوەتەوە کەژن مافی یەکسانی لەگەڵ پیاو هەیە، وەك ئەوروپا، و خوویان بەم دۆخە گرتوە.

ژمارەیەك باوەڕیان وایە کەجەماوەری موسڵمانی تورکیا حەز بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپادا ناکەن، بەڵام بەڵگەی پتەو دەربارەی ئەمەی ژمارەیەکی بەرچاو دژی پرۆسەکە بن، یان ئەوەی لەکام هەلومەرجەدا ئەم دژایەتی کردنە سەرهەڵدەدا، لەبەردەست نییە. هەرچۆنێ بێ سەرەڕای ئەوەی کەحکومەتی تورکیا بەتەنها فاکتەری ریفۆرم نەبوەو کۆمەڵی مەدەنی رۆڵێکی گەورەی لەڕەوتی ئەندامێتیدا بینیوە، ئەبێ بوترێ کە بەپێچەوانەی گۆڕانە هاوشێوەکان لەوڵاتانی ئەوروپا، گۆڕانەکانی ئەم وڵاتە زیاتر لەسەرەوە بۆ خوارەوە بووە.

## بەڵگەی لایەنگرانی ئەندامێتی تورکیا

ئەوانەی لەسەر هەمو ئاستە حکومی، حزبیو جەماوەرییەکانی سەرجەم وڵاتانی یەکێتییەکە حەز بەئەندامێتی تورکیا دەکەن، زیاتر پشت بەم بەڵگانەی خوارەوە دەبەستن:

هەلومەرجی لەباریی کات: هەلومەرجی ستراتیجیی تورکیا؛ هێزی کار، پشکی تورکیا لەبەرگریکردن لەئەوروپاو سەرەنجام ئەمەی کەتورکیا هەنوکە بەشێکە لەئەوروپا.

## هەلومەرجی لەباریی کات

ژمارەیەك شیکارو سیاسەتمەدار، بەپلەی جیاجیا باوەڕیان وایە کە لەسۆنگەی پەیوەندی دێرینەی تورکیا بە ئەوروپاو بونی حکومەتێك کەڕازییە بەجیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەتو دیموکراسیو ڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ، کاتی ئەوە هاتوە کەدەرگای یەکێتی ئەوروپا بەڕوی تورکیای موسڵماندا بکرێتەوە. هەروەها ژمارەیەك ئەولاتر دەڕۆنو پێیان وایە کەئەندامێتی تورکیا ئامرازێکە بۆ رەتکردنەوەی تیۆری ئەو تیرۆریستانەی کەئاشتیی نێوان ئیسلامو مەسیحیەتو هاوکاری نێوان ئەم دوانە بەمەحاڵ دەزانن.

بێ لەوە لایەنگرانی رەوتەکە بیریان بۆ ئەمە دەچێ کەدەسپێکردنی گفتوگۆکان، هەلێکی گونجاوە بۆ ئەوروپا کەزیاتر ستراتیجی ئەمریکا بۆ جەنگ دژی تیرۆر بەتاك رەهەندی لەقەڵەم دەداو باوەڕی وایە کەسەرجەم جبەخانەکانی ئەمریکا ناتوانێ بەرێگایەکی گونجاو بنیاتنەرانە جیهانی ئیسلام بۆ روبەڕوبونەوەی توندڕۆیی هەندێ موسڵمان هانبداو تا ئەوکاتەی وڵاتە ئیسلامییەکان هەلومەرجێکی ئابوری باش بەدەست نەهێنن، مەرامەکە نایەتە دی. پەیوەندی کردنی تورکیا بەئەوروپاوە نیشانی دەدا کەمەسیحیو موسڵمانەکان نەك تەنها لەیەك وڵات بەگریمان دانراوی وەك بەریتانیا، فەرەنساو ئەڵمانیادا دەتوانن لەپاڵ یەکتر گوزەران بکەن، بەڵکو دەتوانن لەیەکێتییەکدا، هەلپەی بەرژەوەندی یەهاوبەشەکانیان بدەنو لەم رێگایەوە پڕوپاگەندەی ئیسلامگەرە توندڕۆکانو ژمارەیەك گروپی توندڕۆی ئەوروپا بەکردەوە پەکی دەکەوێ.

---

* یەکێ لەداستانەکانی شاهنامەی فیردەوسی کەبریتییە لەتێپەڕاندنی حەوت کاری قورسو دژوار لەسەفەری رۆستەمی زاڵدا. ئەمڕۆ ئەگەر کەسێ کارێکی گرنگو قورسی بێتە پێش دەڵێن دەبێ لەحەوت خوانەکە تێپەڕێ(و. کوردی).

## هەلومەرجی ستراتیجیی تورکیا

لایەنگرانی پەیوەندی کردنی تورکیا پێیان وایە کەئەم وڵاتە هەمیشە هەلومەرجی ستراتیجیی پڕ بایەخی خۆی پاراستووە تەنانەت پاش داڕوخانی یەکێتی سۆڤیەتو بلۆکی رۆژهەڵات، تورکیا نەك تەنها بایەخی کەم نەبوەتەوە بەڵکو ئەم بایەخە زیادیشی کردوە. ئەم کەسانە ئاماژە بۆ جەنگی ١٩٩٠-١٩٩١ی کەنداوی فارس دەکەن، کە چۆن فرۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، بەسودوەرگرتن لەبنکەی ئینجەرلیك، پەلاماری باکوری عیراقیاندا.

بەپێی بەڵگەی بەردەست، نیمچە ئەوروپایی بوونی جوگرافیایی تورکیا، نەك تەنها بەکێماسی دانانرێ، بەڵکو بەجۆرێ ئیمتیاز دادەنرێ، چونکە پێگەی ئەم وڵاتە لەناو هاوسنورەکانیدا: ئێران، عیراق، سوریا، ئەرمەنستانو گورجستانو دەسڕۆیی تورکیا لەکۆمارەکانی پێشوی یەکێتی سۆڤیەتدا، سەرجەم دەتوانن شێوەیەکی نوێو لەبار بەنەخشەی جوگرافیو ستراتیجی یەکێتی ئەوروپا ببەخشن. لەڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی ئەوروپادا جەخت لەسەر گرنگیی ستراتیجی تورکیا لەسیاسەتی دەرەوەی یەکێتییەکەدا کراوەتەوەو وتراوە کەپەیوەندی کردنی تورکیا دەتوانێ کاریگەرییەکی ئیجابی لەسەر زۆرێ لەو ناوچەو وڵاتە ناسەقامگیرە هاوسنورانەی وەك وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مدیترانە، قەوقازو ئاسیای ناوەڕاست دانێ.

## هێزی کار

لەکاتێکدا نەیارانی ئەندامێتی، لەهێرشی هێزی کاری فراوانو هەرزانی تورکیا بۆ ئەوروپا دەترسن، کەچی لایەنگرانی پەیوەندی کردنی تورکیا بەئەوروپاوە، هەلومەرجی هێزی کاری لاو، تازە نەفەسو هەرزان، بەمەرجێ رێکبخرێ، بەجۆرێك ئیمتیاز بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا دادەنێو بەلای ئەمانەوە دانیشتوانی وڵاتە ئەوروپییەکان پیرو کۆنبوونو بیانەوێو نەیانەوێ پێویستییان بەهاوردەی هێزی کار، لەهەر رێگایەکی شیاوەوە بێ، هەیە لەوانە کۆچکردنو بەکاربردنی کرێکارانی بیانیو باشترە ئەم هێزی کارە لەوڵاتێکەوە دابین بکرێ کەئەندامی یەکێتی ئەوروپا بێ، تا بەرژەوەندییە ئابورییەکان بەرخودی یەکێتییەکە بکەوێ.

تورکیا کەدانیشتوانێکی گەنجی ٧٠ ملیۆنی هەیە، کەرێژەی گەشەکردنی ٣,٢ ٪ دەبێو لەوانەیە نزیکترین وڵاتی موسڵمان بۆ ئەوروپا بێ، کەکاڵترین جۆری ئیسلامی لەناوچەکەدا هەیە.

لایەنگرانی پەیوەندی کردنی تورکیا رەخنەی نەیارانی ئەندامێتی تورکیای وەك ناتەواوی ریفۆرمە یاساییی، مافی مرۆڤو ئابوری، کەلتورییە پێشکەوتوترەکانی وڵاتو هتد، لەم سۆنگەیەوە رەتدەکەنەوە کەسەرجەم ئەمانە لەدەرفەتی ١٠-١٥ ساڵەی گفتوگۆکاندا دەکرێ یەکلایی بکرێنەوە.

لەپەرلەمانی ئەوروپاو لەوەڵامی ئەو نوێنەرانەی کەمەسەلەی موسڵمانبونی تورکیا بەگرفت دەزانن، یان هەندێکی تری وەك نوێنەری لیبراڵ دیموکراتەکانی بەریتانیا کەباس لەئامادەگی ٢٠ ملیۆن موسڵمان لەئەوروپادا دەکەن**، بەڕای لایەنگرانی ئەم وڵاتە، چ لەڕوی ئابوریو چ لەپێناو یارمەتیدان لەبەرنامەکانی بەرگری ئەوروپا، کەپاش پەسەندکردنی دەستور رەهەندی فراوانتر لەخۆدەگرێ، رۆڵێکی بەرچاوی دەبێ.

شایانی باسە، بۆ راکێشانی زیاتری لایەنگرانی ئەوروپایی، تورکیا نمونەیەکی ئیمتیازی ئابوریی پەیوەندی کردنی لەمانگی ئەیلولی رابردودا خستە روو، واتە ماوەیەکی کەم پێش دەرچونی راپۆرتی کۆمیسیۆنی تایبەت بەئامۆژگاری کردن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، رایگەیاند کەدەیەوێ ٣٦ فڕۆکەی ئەیرباس بەبڕی ١٥ ملیۆن دۆلار بۆ هێڵی ئاسمانی وڵات بکڕێو دەربارەی دەستەبەر کردنی تەکنیکی ئەتۆمیش ئەگەری فەڕەنسای هێنایە گۆڕێ. لەڕاستیدا ئەم هەنگاوە بەئامانجی دروستکردنی هاوسەنگییەك لەپەیوەندی لەگەڵ ئەمریکاو ئەوروپادا، پاش کڕینی ١٥ بۆینگ لەئەمریکا ئەنجامدرا.

راوبۆچونی حکومیو حزبی دەربارەی ئەندامێتی تورکیا لەئەوروپادا هەمیشە لەگۆڕاندا بووە، مەیلی ئەندامانی کۆمەڵی ئابوریی ئەوروپای ٦ ئەندامی لەگەڵ کۆمەڵەیەکی ئابوریی ١٠ ئەندامیو یەکێتییەکەی ئێستا، لەماوە جیاجیاکاندا جیاواز بوە. لەکاتێدا هەندێ کەس بەشێوەیەکی بەڵگەدارو سەرسەختانە پشتیوانی لێدەکەن، کەچی ژمارەیەکی تریان راڕان، یان دژایەتی دەکەن. لەناو ئەندامە گەورەکاندا، ئەڵمانیا، بەریتانیاو ئیتالیا بەتوندی پشتیوانی لەپەیوەندی کردنی تورکیا دەکەن، ژمارەیەك وڵاتی بچوکی وەك فنلاندیش زیاتر لۆجیکی ئێجگار پتەو بۆ پشتیوانی کردنی خۆی دەدا بەدەستەوە.

ئەڵمانیا کەزۆرترین دانیشتوانی کۆچبەری تورکی تێدا دەژی، بەدیدێکی تایبەت تەماشای دەستپێکردنی گفتوگۆکان دەکا، بەتایبەتی حکومەتی فەرمانڕەوای سۆسیال دیموکراتی(شرۆیدەر)و(یۆشکا فیشەر)ی وەزیری دەرەوەی کە سەرۆک بەحزبی سەوزە، راستەوخۆ دەربارەی تورکیا هاودەنگن و لەم مانگانەی دواییدا هەوڵێکی فراوانیان بۆ جۆشدانی خەڵك، گروپ و دەستە جیاجیاکانی وڵاتی خۆیان، هەروەها لەمەیدانی یەکێتییەکەدا، بۆ لابردنی کۆسپەکان ئەنجامدا. لەپاساودانی ئەم بۆچونەدا فیشەر دەڵێ کە لەهەلومەرجی گرژی ئێستای نێوان موسڵمان و رۆژئاوادا، داخستنی دەرگا بەڕوی تورکیا دەرەنجامێکی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە. شایانی باسە، فیشەر، جگە لەهاودەنگی لەگەڵ سەرۆك وەزیران و حکومەت، سەر بەحزبێکە کەنەك تەنها لە ئەڵمانیا، بەڵکو لەسەر تاسەری یەکێتییەکەدا پشتیوانی هاتنە ریزەوەی تورکیایە. بەڵام هیچ کامیان باسی پەیوەندی کردنی تورکیا لەئایندەیەکی نزیك ناکەن و هەموان رێگای گەیشتن بەئامانج بۆ تورکیا بەلەوانەیە، درێژو سەخت دەبینن.

سەوزەکانی ئەوروپا، کەسەردەمانێك نەیاری سەرسەختی پەیوەندی کردنی تورکیا بوون، پاش ریفۆرمە خێراو بڵاوەکانی ئەنقەرە، یەکسەر رای خۆیان گۆڕی. ئەگەرچی زۆربەی حزبەکانی ئەوروپا لەسەر بڕیاردان لەبارەی تورکیاوە ناکۆکن، بەڵام سەوزەکان لەمبارەیەوە هاودەنگن و بۆ دەرخستنی ئەم پشتگیری کردنەیان، پاش راگەیاندنی راپۆرتەکەی ٦ی ئۆکتۆبەر کۆمیسیۆنی تایبەت بەئامۆژگاری بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، لەکۆبونەوە سێ رۆژییەکەی هەیئەتە پارلەمانییەکان لەئەستەموڵ، لەگەڵ پشتیوانیی توند لەتورکیا رەخنەشیان لەمەسەلەی ریفراندۆم گرت کەهەندێ کەسی دەستڕۆیشتوی یەکێتییەکە، لەوانە شیراك باسی لێوە دەکەن.

هەرچۆنێ بێ، حزبە سەوزەکان پشتگیری لەهێڵی گشتیی کۆمیسیۆنەکە دەکەن و ئەمان تورکیا لەنمونەکانی تری وەك ماڵتا جیا دەکەنەوە، بەڵام ئەم جیاوازییە بەفاکتەرێکی گەشەکردو بۆ تورکیا لەقەڵەم دەدەن، چونکە تورکیا وڵاتێکی گەورەیە. دوەم سەوزەکان پێیان وایە کەنابێ پەلە بکرێ و پێویست بەکات دەکا تا ریفۆرمەکانی تر ئەنجام بدرێ و هەردولا ئامادەبن؛ بارودخی کەمینەکانی وەك کوردو مافی ژنان دەبێ باشتر بکرێ و گفتوگۆ دەربارەی مەسەلە سیاسییەکانی وەك جینۆسایدی ئەرمەن لەسەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانیی و ناسینی قوبرس بکرێ.

دژایەتی کردن یان رازیبونی وڵاتان هیچ پەیوەندییەکی بەکۆنییان لەیەکێتییەکەیان ئەندازەکانیانەوە نییە، چونکە لەکاتێکدا ژمارەیەك وڵاتی وەك نەمساو هۆڵەندا رەشبینیی و نیگەرانی خۆیان لەلێشاوی کۆچکردن و گوشاری ئابوریی دەرەنجامی بەئەندامبونی تورکیا لەئایندەدا دەردەبڕن و بیریان بۆ ئەمە دەچێ کەئەوروپا دەبێ خەرجییەکی زۆر بۆ ئەم مەبەستەبدا، کەچی وڵاتە ئەسکەندناڤییەکان پشتیوانی لەپەرەسەندن و فراوانبونی یەکێتییەکە، بەتایبەتی بەئەندامبونی تورکیا دەکەن و ئەم وڵاتانە بەپلەی جیاجیا لەسەر دەستپێکردنی گفتوگۆکان رازین و هەمیشە گوتویانە کە چاکەکانی بەئەندامبونی تورکیا لەزیانەکانی زیاترە.

لەناو ئەندامە گەورەو دامەزرێنەرەکانی ئەوروپای یەکگرتودا فەرەنسا وەك هەمیشە دەیەوێ سیاسەتێکی سەربەخۆ بنوێنێ و لەلایەکەوە پشتیوانی لەیەکێتییەکی بەسەختی پێکەوە تەنراو و یەکگرتو دەکاو لەسەرێکی ترەوە لایەنی کەم رەزامەندی شیراك بەهاتنە ریزی تورکیا بەڕواڵەت مانای کاڵبونەوەی ئەو ئامانجەی پێشوە، بۆیە لەڕوی ناچارییەوە شیراك سیاسەتی((نەشیش و نەکەباب))ی هەڵبژاردوە، واتە لەسەرێکەوە بۆ بەدەستهێنانی دەنگی لایەنگرانی تورکیا، وەك موسڵمانەکانی فەرەنسا، لەسەر دەستپێکردنی گفتوگۆکان رازییەو لەسەرێکی ترەوە بۆ وەڵامدانەوەی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکان، حزبە هاوپەیمانەکان و تەنانەت حزبەکەی خۆیی و لەهەموی زیاتر بۆ رازی کردنی رای گشتی خەڵکی فەرەنسا، پێشنیازی رێگا چارەی سەیرو سەمەرەی ریفراندۆمی کردوە. لەوانەیە پێشنیازی ریفراندۆم تەنها چارە بێ بۆ هەنوکە. ژمارەیەك یەکێتی ناس پێیان وایە کەپاریس لەجیاتی کارشکێنی راستەوخۆ، بەخستنەڕوی مەسەلەی ریفراندۆم ژمارەیەك وڵاتی تری وەك نەمساش بەدوای خۆیدا کێش دەکا.

سەرباری نواندنی هاوبیریی نێوان ئەڵمانیاو فەرەنسا، کەچی ئەم وڵاتە هەمیشە رکەبەرایەتی یەکتر دەکەن و هەندێ بەئەندامبونی تورکیا بەقازانجی ئەڵمانیا بۆ رکەبەرایەتی کردنی فەرەنسا دەزانن.

یەکێکی تر لەلایەنگرانی تورکیا، بەریتانیایەو ئەگەرچی ئەم وڵاتە وەك ئەڵمانیا، ئیتالیاو فەرەنسا یەکێ لەئەندامە سەرەتاییەکانی کۆمەڵی ئابوری ئەوروپا نییەو بە((رەشبینانی یەکێتی)) لەقەڵەم دەدرێ، بەجۆرێ هێشتا یۆرۆ شینگنی پەسەند نەکردوە، بەڵام لەڕوی پانتایی، دانیشتوان و هێزی ئابورییەوە یەکێکە لەئەندامە گرنگەکان و هێزی ئەمریکاش لەئەوروپادا نوێنەرایەتی دەکا. شایانی باسە لەندەن رۆڵێکی گەورەی لەرەزامەندبوون بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان و هاندانی ئەوانی تردا بینیوە.

## بۆچوونی نەیارانی بەئەندامبونی تورکیا

سەرباری ئامۆژگاریيەکەی ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ی کۆمیسیۆن، رای زۆربەی پارلەمان‌و بریاری سەرانی یەکێتی ئەوروپا بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، کەچی بەرهەڵستکارانی رەوتەکە درێژە بەهەڵوێستی خۆیان دەدەن‌و بەڵگەکانیان هەندێکی پشت بەراستیيەکانی بەردەست‌و شتی بیستراوو هەندێکی تر لەرووی دەمارگیریيەوە دەهێننەوە. بەرهەڵستکاران لە سەرجەم ولاتانی یەکێتیيەکەوە، لەزۆربەی ولات‌و پەرلەمانەکان‌و لەناو حزبەکان، گروپ‌و چینە جیاجیاکانی خەڵکەوە هەن. لەناو رەزامەندیترین ولاتەوە(ئەڵمانیا) تا بەرهەڵستکارترینیان(نەمسا) راوبۆچوونی وەك یەك بۆ رێگرتن لەهاتنە ریزی تورکیا دەبیستین ئەو نارەزاییيانەی لەسەر ئاستی حکومەتن، تارادەیەك، بەهۆی رێککەوتن‌و هاوشانی لەگەڵ ولاتانی تر کەم بوونەتەوە. بەلام لە سەر ئاستە نزمترەکان ئەم نارەزاییيانە ماونەتەوەو چاوەروان ناکرێ بەم زووانە لەناوبچن. هەندێ بۆچون‌و نیگەرانیی بەرهەڵستکاران لەلایەن رەزامەندکارانەوە قبوڵ دەکرێ، بەلام بیریان بۆ ئەمە دەچێ کەدەبێ دەست لەنارەزایی تەنهاو بەهانە هێنانەوە هەڵگرن‌و بیر لەچارەسەر کردن‌و دۆزینەوەی هەندێ گرەنتی بکەنەوە. لەراستیدا رازیبونی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ بەرقەرارکردنی هەلو مەرجی جیاجیاو درێژەکێشانی خولی گفتوگۆکان بۆ رەوانەوەی نیگەرانیيەکانە. زۆرێ لەسیاسەتمەدارە دەسرۆو حوکمرانەکانی ئەڵمانیا، فەرەنساو، نەمسا، هۆڵەنداو ولاتانی تری یەکێتیيەکە سەرسەختانە هەڵوێستیان دژ بەرەزامەندبووەکان گرتوە.

نیگەرانیی قووڵ‌و راگەیاندنی مەترسی، هەم لەلایەن سەرکردە گەنجترەکانی وەك سارکوزیی سەر بەحزبی حوکمرانی فەرەنساو ئانجیلا میوکل-ی سەرکردەی حزبی ئۆپۆزسیۆنی دیموکرات مەسیحیی ئەڵمانیا دەبیستریۆ هەم لەلایەن سیاسەتمەدارە کۆنەکارو خانەنشین، بەلام دەسرۆکانی وەك ڤالێری جیسکار دیستان-ی سەرکۆماری پێشوی فەرەنسیا، کەکاری زۆر گرنگی نوسینەوەی دەستوری یەکێتیيەکەی گرتە ئەستۆو هلمۆت شمیت-ی سەرۆك وەزیرانی پێشوی ئەڵمانیا، کەهەردوکیان بەترس‌و وەحشەتەوە باس لەئەندامبونی تورکیا دەکەن. هلموت شمیت لەگفتوگۆيەکدا لەگەڵ هەواڵنێری هەفتەنامەی دایزیت-ی ئەڵمانیا وتی کەهاتنە ریزەوەی تورکیا واتە هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیيەکە یان نزمکردنەوەیەتی بۆ((ناوچەيەکی ئابوری ئازاد)). جیسکار دیستان دورتر رۆیشتوەو دەڵێ کە بەئەندامبونی تورکیا پێویستە فاتیحەی یەکێتی‌و خەونی حکومەتی فیدراڵ بخوێنرێ‌و لایەنگرانی پەیوەندی کردنی تورکیا بەدوژمنی ئەوروپا ناو دەبا.

ئاستی ناکۆکی بۆچونەکان لەنێوان سەرکردە سیاسیيەکان‌و نوێنەران لەپایتەختە ئەوروپيیەکاندا لەسەر ئەم مەسەلەیە لەچەند هەفتەی پێش وەرگرتنی بریاری کۆتاییدا، بەرادەیەك بوو کەکۆبونەوەکانی پارلەمان‌و تەنانەت کابینەی ژمارە یەك ولاتی وەك فەرەنسای، بەهۆی مشتومری توندی نێوان حزبە دەسرۆکانەوە دوچاری گرفت کرد.

داواکاری بۆ بەنهێنی دەنگدان کە لەلایەن نوێنەرانی حزبە راستڕەوەکانەوە لەکۆبونەوەی ١٥کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ی پارلەمانی ئەوروپادا خرایە روو، بەتوندی لەلایەن نوێنەرانی حزبی سەوز، سۆسیالیست‌و لیبراڵەوە رەتکرایەوە، ئەمەش نیشانەیەکی تربوو بۆ بوونی درزی قووڵ لەنێوان حزبەکاندا، درزێك کەپڕبونەوەی پێویست بەماوەیەکی زۆر دەکا.

هۆی بنەرەتیی دژایەتی کردنی مەسەلەی بەئەندامبونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا، لەسەرتا سەری ئەوروپا بەجۆرەی خوارەوەیە:

زۆری ژمارەی دانیشتوانی تورکیاو ئەگەری کۆچکردنێکی فراوانی هێزی کار بۆ ئەوروپا؛ مەسەلەی موسڵمان بوونی تورکیا؛ هەلومەرجی ئابوریی نالەبار؛ هەلومەرجی مافی مرۆڤو ئازادی تاکە کەس‌و ژنان؛ دەسەلاتی سوپا؛ بارودۆخی کەمینەکان‌و مەسەلەی ناسینی قوبرس.

لەبنەرەتدا فاکتەری دانیشتوان، کۆچکردن، دین؛ کەلتورو ئابوری، بەشێوەیەکی خولاوە لەمشتومری نەیارەکانی بەئەندامبونی تورکیا دێنە گۆرێ، کەهەر هەموویان لەپەیوەند لەگەڵ یەکترو بەتەوژمترکردنی یەکترن. هەرچۆنێ بێ، بۆ ساناکردنی درێژەی باسەکە ئەم فاکتەرانە بەجیاجیا لێك دەدەینەوە:

### دانیشتوان

بەرای نەیاران، ئەگەر تورکیا پەیوەندی بەیەکێتی ئەوروپاوە بکا، ئەوا لەکۆدا ژمارەی ئەو کەسانەی کەجومعەکان دەچنە مزگەوت لەژمارەی ئەو مەسیحیيە پرۆتستانتانە زیاتر دەبن کەرۆژانی یەکشەممە دەچنە کەنیسە.. لەماوەی یەك دەیەدا(١٠ساڵدا)ژمارەی دانیشتوانی تورکیا لەژمارەی ئەڵمانیا زیاتر دەبێ‌و بەپێی سیستمی دەنگدانی تازە، کە لەسەر بنەمای ئاستی ژمارەی دانیشتوانە، تورکیا بەئەندازەی ١٨ ولاتی بچوکی یەکێتی ئەوروپا، لەئەنجومەنی وەزیراندا، واتە بەهێزترین یەکەی یەکێتیيەکەدا، دەنگی دەبێ.

## کۆچکردن

مەسەلەی کۆچکردن یەکێ بوو لەگەرمترین مشتومڕەکانی چەند مانگی رابردو. هەندێ کەس بۆ گەورەکردنی کێشەکە رێگای موبالەغەکردنیان هەڵبژاردوەو دەڵێن کە بەهاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتیەکە، ساڵی یەك ملیۆن تورکی تر دەچێتە سەر ژ مارەی تورکەکانی ئێستای ئەوروپاو کاری ئەوروپا بۆ لەخۆگرتنی کۆچبەرە موسڵمانەکان(ژمارەی مو سڵمانەکانی ئێ ستا لە١٣-١٥و بەلای هەندێ کەسەوە ٢٠ملیۆن کەس دەبێ) قورستر دەکا.

لەناو ئەوانەی دژی پەیوەندی کرد نی تورک یان، حز به را ستڕەوە تو ندڕۆکانی دژ بەکۆ چکردنی وەك((حز بی ئازادیی نەمسا))،((میساقی باکوری ئیتالیا))،((حزبی خەڵکی نەمە سا))و((حزبی پێ شکەوتنی نەرو یژ)) دەبێ خرێن کەهاوکاریی سیاسیەیان لەگەڵ حزبە هاوچەشنەکانی خۆیان لەئەڵمانیا، بەلجیکا، فەرەنساو ولاتە ئەوروپیەکانی تردا هەیە. ج گە لەلێ شاوی کۆچکردنی ئەم چەند دەیەی دوایی‌و فراوانی کۆچکردن لەژمارەیەك ولاتی ئەوروپی، کەبووەتە هۆی جۆرێ لەدژە بێگانەیی؛ مین چاندنەکەی بەهاری ساڵی ٢٠٠٤ی ویستگەی شەمەندەفەری مەدریدو پێشهاتی ئەم دواییەی تیرۆرکردنی تیوڤان کوخ لەهۆڵەندا، وای کردوە هێرش بۆ سەر موسڵمانان زیاد بکا سەرەنجام کاری پشتگیری کردن لەتورکیا قورستر بکا.

نەیارانی تورکیا تەنها حزبە راستڕەوە توندڕۆکان نین، بەڵکو ژمارەیەك میانەڕەوی وەك جان پییر رافارین-ی سەرۆك وەزیرا نی فەرەنساش کەم تا زۆر هەڵوێستێکی هاوشێوەیان هەیە. رافارین دەڵێ ئێمە نامانەوێ ئیسلام لەسەر لانکەی روباری((جودایی دین لەسیاسەت))ی ئەوروپا بڕوات. لەبنەڕەتەوە هەمیشە فەرەنسا شانازی بەهەبوونی ئەم سی ستەمەوە دە کاو بۆ سەلاندنی ئەم مەسەلەیەش، حیجابی لەقوتابخانە حکومییەکاندا قەدەغە کرد. بەلای ژمارەیەکەوە ئە گەر یەکێتیەکە(لەڕا ستیدا پەر لەمانی ئەوروپا)، حەوسەڵەی پەسەندکردنی کاندیدێکی کاتولیکی ئیتالیای بۆ پۆستی کۆمیسەری دادوەری نەبێ، چۆن دەتوا نێ رۆژێ لەڕۆژان کەسێکی موسڵمانی بونیادگەرا قبوڵ بکا.

زیادبوونی هەستیاریی بەرامبەر بەموسڵمانانی ئەوروپا وای کردوە کەکاروباری تایبەت بەمان بەوردبینی تەماشا بکرێ، بۆ نمونە حزبە راستڕەوەکان دەڵێن کەبۆ چوار ساڵی یەك لەدوای یەك، بۆ ئەو مندالە کورانە لەبرۆک سیل لەدایکبون، ناوی محە مەد لەناوەکانی تر زیاتر هەڵبژێردراوە. حزبێکی راستڕەوی دانیمارك پێش ماوەیەك لەپۆ ستەری هەڵبژارد نەکانی خۆ یدا ک چێکی بلوندی قەشەنگ نیشان دەداو لەژێری وێنەکە نوسرابوو((هەرکاتێ ئەم کچە خانەنشین کرا، ئەوا زۆرینەی دانیم شتوانی دانیم ارك موسڵمان پێکدەهێنێ)).

بەلای زۆربەی خەڵکی دەمارگیری ئەوروپاوە، یەکەمین کاریگەریی بەئەندامبونی تورکیا بریتی دەبێ لەلێ شاوی کۆ چکردنی کەسانێك، کەهاوچەشنەکانیان لەشێوەی موسڵمانانی ئا سیایی لە بەریتانیا، عەرە بە ئەفریقی یەکان لەفەرەن ساو تور کەکان لەئەڵمانیا، هۆڵەنداو برۆکسلدا دەبێ خرێن‌و ئا ستی هەما هەنگی کرد نی ئەما نەیان بە بەها کەلتوری یە رۆژئاوایی یەکان هەڵسەنگاندوە، هەربۆیە هەندێ کەسی خەڵکی ئەوروپا باوەڕیان وایە کە بەشێوەیەکی گشتی گرنگ نیە کەتورکیا کام جۆر ریفۆرم ئەنجام دەدا، ئەم ولاتە نابێ پەیوەندیی بەیەکێتیەکەوە بکا. کەچی لەبەرامبەردا لێپرسراوانی تورك، نارەزاییەکان بۆ بێ ئاگایی ئەوروپاییەکان دەگەڕێننەوە.

بەردەوامبونی تورکیا لەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو ئەشکەنجەداندا یەکێکی ترە لەو دژا یەتی کردنا نە کەسەرتا سەری ئەوروپای گرتۆتەوە. کەسانی زۆری وەك هانس گرت پاترینگ-ی خەڵکی ئەڵمانیاو موحافزە کارێکی سەر بەحزبی( خەڵکی ئەوروپا) دەڵێن کەراپۆرتەکەی کۆمیسیۆن لەبارەی ئەنجامدانی ریفۆرمی تایبەت بەپەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤو قەدە غەکردنی ئەشکەنجەوە، بەبێ بناغەترین هەڵسەنگاندنی ئەم دامەزراوە لەساڵی ٢٠٠٤دا لەقەڵەم دەدرێ‌و بەڕای ناوبراوو ژمارەیەکی ئێج گار زۆری ترەوە بەئەندامبونی تورکیا، ئارامی‌و ئاسایش لەیەکێتی ئەوروپا هەڵدەگرێ.

دژایەتی کردنی بەها ئیسلامیەکان لەلایەن ئەوروپاوە، بەتایبەتی جۆرە توندرۆکەی بۆ هیچ کەسێ شاراوە نیە، بەڕادە یەك کەژمارەیەك بیریادی تورك‌و تەنانەت ئەوروپیش بیریان بۆ ئەمە دەچێ کەسەرجەم رەخنەو گلەییەکانی تایبەت بەبارودۆخی مافی مرۆڤو ئازادی ئابوری‌و شتیتر، بەهانە بەولاوە نیەو مەسەلەی بنەڕەتیی نیگەرانکەر بەلای نەیارانەوە بریتیە لەدین‌و کەلتوری خەڵك‌و گۆڕانی سیمای یەکێتیەکە لەدامەزراوێکی مەسیحیەوە بۆ دامەزراوێکی ئاوێتە.

هەردو مەسەلەی دین‌و کەلتور بەسەرە لەلایەن بەرهەڵستکارانەوە وەك بەڵگە بەکاردەهێنرێت‌و لەم سۆنگەیەوە ژمارە یەك راستەوخۆ ئاماژە بۆ مەسەلەی دین‌و ژمارەیەکیتر بۆ کەلتوری جیاوازی ولات دەکەن. هەرچەندە ئەم دوو فاک تەرە، دو فاک تەری

دوانەن، بەڵام دەتوانرێ بەشێوەیەکی جودا تاوتوێ بکرێت. ئەگەرچی خەڵکی تورکیا بەئەندازەی وڵاتانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەمەزهەبەوە پابەند نین‌و دین لەسیاسەت جودایەو کەلتوری وڵات چەندین ساڵە لەپەیوەند لەگەڵ خۆرئاوادا یەو رەنگێ کی تری پەیداکردوە، بەڵام لەلێکدانەوەی کۆتاییدا ترس و نیگەرانیی ئەوروپا بریتییە لەقبوڵکردنی کۆمەڵێکی ۷۰ ملیۆنیی موسڵمان کە لەسەر بنەمای ئەزمونی مێژوی رابردو، دەتوانێ لەهەرکاتێکدا کەبلوێ، سستمی حوکمڕان بوروژێنێ.

لەمەیدانی دین‌و کەلتوردا، یەکێ لەکاربەدەستە گەورەکانی((کۆنفرانسی قەشە کاتۆلیکییەکانی رۆمیی ئیتالیا)) بەناوی قەشە بتوری دەڵێ کەیەکێتی ئەوروپا پێش لێکۆڵینەوە لە بەئەندامبونی تورکیا پێویستە بایەخی یەکەم بەژمارەیەك وڵا تی وەك ئۆکرانیاو مولداڤیا بدات کەئەمانە کەلتوری ئەوروپییان هەیە. ڤاتیکان باوەڕی وا یە کەمە سیحییەت ئا سەوارێکی زۆری لەکەلتوری ئەوروپیدا هەیەو لەم سۆنگەیەوە وڵاتە مەسیحییەکان، کەلتورێکی جیای لەوڵا تە غەیرە مە سیحییەکان هە یەو ئامادەگی موسڵمانان لەیەکێتی ئەوروپا، وەك پارچەیەکی نالەبارە بەلای قەشە بتورییەوە تورکەکان میراتگری کەلتورێکی جودا لەکەلتوری ئەوروپین.

زۆربەی راپرسییەکان نیشانی دەدەن کەزۆربەی خەڵك دژی پەیوە ندی کرد نی یەک سەری تورک یان، بۆ نمو نە، زۆر بەی فەرەنسییەکان، ئەوانەی لەمانگی ئەیلول رایان وەرگیردرا، دژی پەیوەندی کردنی یەکسەری تورکیا بوون، بەڵام ٦۳٪ی هەمان ئەم خەڵکانە رازی بوون کەتورکیا پاش ۱۰ ساڵ‌و پاش ئەوەی ریفۆرمەکان ئەنجام دەداو گۆڕانی ئابوری‌و سیاسیی پێوی ست بەخۆوە دەبینی، بێتە ریزی یەکێتی ئەوروپاوە.

جگە لەڕەهەندی کەلتور، ئەوروپییەکان بەنیگەرانیشەوە دەڕواننە ئەگەری بەکۆمەڵ کۆچکردنی تور کەکان لە بەر هۆ کاری ئابوری‌و دانیشتوانی، بۆ نمونە ئێستا ئەڵمانیا زیاتر لە۲ ملیۆن تورکی تێدایەو بەلای هەندێ کەسەوە ز یادبونی بەر چاوی ئەم ژمارەیە، لەو ئاستە زیاتر دەبێ کەوڵاتێکی بەئەندازەی ئەڵمانیا بتوانێ لەخۆی بگرێ. زۆرێ لەو نەیارانەی لەوڵا تە بـ چوکەکاندا دەژین باوەڕیان وایە کەکۆچکردنی تورکەکان، ستراکتۆری دانیشتوانیان تێك دەدا.

لەبەر ئەو هۆیەی سەرەوە، هەندێ کەس بیریان بۆ ئەمە دەچێ کەسەرەڕای گشت ئەو ریفۆرم‌و بەڵێنی ئەنجا مدانی ری فۆرمی زیاتر، پێویستە رێگایەکی تر لەجیاتی بەئەندامبوونی تەواوەتی بۆ پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بدۆزرێتەوە. بۆ نمونە سەرکردەی حزبی ئۆپۆزسیۆنی دیموکرات مەسیحی ئەڵمانیا(ئەنجیلا مێرکل)((هاوبەشی نایاب)) بۆ تورکیا پێشنیاز دەکا. ئاستی دژایەتی کردنی مێرکل، بەئەندازەیەکە، کەترسی ئەمە هەیە پاش هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئایندە، ئەگەر ناوبراو سەرکەوتن بەدە ست بهێ نێ، پشتگیری کردنی ئەڵمانیا لەتورکیا کاڵ بێتەوە.

لەوانەیە ئەگەر تورکیا وڵاتێکی. بچوك بوایە، ئەوا بەم ئەندازەیە هەستیاریی دروست نەکا، بەڵام وڵاتێکی ۷۰ ملیۆن کەسی، موسڵمان، هەژارو زیاتر ئاسیایی کەهێشتا زۆرێ لەیاساکانی پەیوەست بەمافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییە ئەوروپییەکانی ت ێدا جێبەجێ ناکرێ، ئەوا هالەیەك لەنیگەرانی‌و نادڵنیایی دروست دەکا کەتەنانەت گەشبینان‌و لایەنگیرانیش بۆ هەڵهێنانی هەنگاوی پۆزەتیڤ دوچاری ڕاڕایی‌و دودڵی دەکا.

## گرەنتییەکانی یەکێتییەکە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان‌و کاردانەوەی تورکیا

تا دوا چرکەی پێش بڕیاردانی پەرلەمان‌و سەرانی یەکێتییەکە، هێشتا نەیاران باسیان لەئەلتەرناتیـ ڤەکانی وەك ((ئە ندامی وابەستە))، ((هاوبەشی تایبەت))و شتی تر دەکرد، بەڵام هەڵوێستی توندو سازش نەکردنی ئۆردو غان‌و لا یەنگرانی تورک یا لەسەر بنەمای((ناشیرین‌و لەبارنەبوون))ی ئەم پێشنیازانە، کەبەڕای ئەمان ئاماژە بوو بۆ حەتمییەتی پێکدادان لەنێوان ئی سلام‌و خۆرئاوا، هیچ چارەیەك لەبەردەم یەکێتییەکە نەما، جگە لە مەی کار بەئامۆژگاری یە مێژوییە کەی رۆژی ٦ی ئۆکتۆ بەری کۆمیسیۆنی ئەوروپاو ۳ی ئۆکتۆبەری ساڵی ۲۰۰۲ بۆ دە ستپێکردنی گفتوگۆ کان ب کا. شایانی با سە، وەك دژە ه ێرش، کاربەدەستانی تورکیا لەچەند مانگی دوایی‌دا تەنانەت ئەو باسەشیان هێنایە گۆڕێ کەکۆبونەوەی سەرانی ئەوروپا لەکۆپنهاگن ساڵی ۲۰۰٥ بڕیاریان لەسەر دابوو، واتە بڕیار درابوو کەئەگەر تورکیا ریفۆرمی یاسایی، مافی مرۆڤو ئابوری ئەنجام بدا، ئەوا لەساڵی ۲۰۰٤ بڕیار لەسەر مەسەلەی ئەندامێتی ئەم وڵاتە دەدرێ، نەك تەنها((گفتوگۆ بۆ ئەندامبون))

سەرۆك وەزیرانی تورکیا، پاش کۆبونەوەی سەران لە۱۷ی کانونی یەکەمی ۲۰۰٤و لەڕێگای گەڕا نەوەی بۆ وڵات، بڕ یاری سەرانی یەکێتییەکەی بەسەرکەوتنێکی گەورە بەڵام نەك تەواو عەیار لەقەڵەم دا. سەرەڕای بوونی هەڵو مەرجی قورس، ناوبراو ئاماژەی بۆ دو سەرکەوتنی خۆی کرد: یەکەم پێشبینی بەئەندامبونی تورکیا لەکۆتایی گفتوگۆکاندا کراوە. ئەم مەسەلەیە تەنانەت

ئامۆژگاریی کۆمیسیۆنیش، لەخۆی نەدەگرت. دوەم ئەمەی ناوبراو هەنگاوێکی تر لەئەنجامە بنەڕەتییەکەی، واتە بەدە ستهێنانی سازش لەنێوان جیهانی ئیسلامو مەسیحییەت نزیك بووەتەوە.

بەگشتی، هەلومەرجە دیاریکراوەکان لەلایەن یەکێتییەکەوە بریتین لە:

گفتوگۆی درێژخایەنو دیاری نەکردنی مێژوی بەئەندامبون؛ هەڵپەساردنی ئەم گفتوگۆیا نە ئە گەر سەرپێ چی لەرێ سای یارییەکە بەدی کرا؛ خستنەڕوی ریفۆرمی زیاتر؛ دانانی رێسای هەمیشەیی بۆ گوێزانەوەی هێزی مرۆیو ناسینی قوبرس.

ئەگەرچی ئافەرینی تورکیا کرا، بەڵام ئەوروپا داوای ری فۆرمی فراوانترو بەهێزترو تەواوکردنی ریفۆر مەکانی پێ شوتر لەبوارەکانی مافی مرۆڤ، ئازادی رادەربڕین، قەدەغەکردنی ئەشکەنجە، ئازادی مەزهەبی، پەرەپێدان بەمافی کەمینەکان، ژ نانو سەندیکا کرێکارییەکان.

گرەنتییەکیتر بریتییە لەپچڕاندنی گفتوگۆکانو ئەگەر پێشێلکاریی جیدیو بەردەوام لەبنەما ئازادییەکان بەدی کرا، ئەوا یەکێتییەکە گفتوگۆکان بۆ پاشتر دوا دەخاو کاتی دیاریکراو بۆ دەسپێکردنەوەیان دیاری ناکرێ. شایانی باسە، بۆ بەجێهێنانی ئەم هەلومەرجە سەختو دژوارە، نمونەی یەکسەرەی هاوشێوە لەئارادا نییە، بەڵام هەرچۆنێ بێ ئەم مەرجا نە بە شێکن لەرەوتی بەئەندامبونی. هەڵپەساردنی گفتوگۆکان لەگەڵ سلۆڤاکیا پێش بەئەندامبونی ئەم وڵاتە لەیەکێتی ئەوروپا لەمانگی را بردو، گفتوگۆی درێژخایەن لەگەڵ بەریتانیا لەساڵانی ١٩٧٠و تۆمارکردنی کتێبێکی ٨٠ هەزار لاپەڕەیی یەکێتی کەتێیدا هەلومەرجو جۆری یاسادان بۆ ئەو ١٠ ئەندامەی لەمانگی ئایاری ٢٠٠٤دا پەیوەندییان بەیەکێتییەکەوە کرد، چەند نمونەیەکن لەوبارەیەوە.

ئەگەرچی ئەمجۆرە هەلومەرجە لەیەکەمین روانیندا باشو لەبار نایەنە بەرچاو، بەڵام روناکبیرانی ئەستەمبوڵ، کەچاودێری زیاتری میدیاکان دەکەنو حکومەتیش هێشتا لەدەسڕۆیی سوپا بە سەر کارو باری سیا سیدا دەتر سێ، چاودێری کرد نی چۆنێتی جێبەجێکردنی یاساکان، دانانی یاسای زیاترو بەجێهێنانی ریفۆرمەکان بەپۆزەتیڤ لەقەڵەم دەدەن.

ژمارەیەك شیکاری خۆرئاوایی باوەڕیان وایە بارودۆخی سیاسی، ئابوریو کۆمەڵایەتی تورکیا هەمی شە پێوی ستی بە چەند هەلومەرجێك دەکا، چونکە ریفۆرمەکان بەبێ گوشاری دەرەکی جێبەجێ ناکرێنو بەڕای ئەمانو لەچەند دۆخێ کدا ، حکو مەتی تورکیا بەڵێنی ریفۆرمی داوە، کەچی بەنیوە ناچڵی بەجێیانی هێشتوە. باشترین نمونەی ئەم مە سەلەیەش، پێ شێلکردنی گف تی حکومەتەکەی(تانسۆ چیلەر)ە بۆ جێبەجێکردنی ریفۆرمەکان؛ ئەو ریفۆرمانەی پاش رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی گومرکی لە ساڵی ١٩٩٦ وە بۆ هەڵگرتنی گوشار لەسەر ئەم وڵاتە، بەڵێنی دابوو. پاشخستنی مەرجی گفتوگۆی درێژخایەنو پچڕاندنی گفتوگۆکان لەکاتی روودانی سەرپێچی، لەسۆنگەی پێشینەی مەسەلەکەوە، پاساوی خۆی هەیە.

سەرەنجام چاودێری کردنی بارودۆخی ناوخۆی تورکیا، وەك جاران، درێژەی هەیەو یەکێتییەکە لەماوەی ٢-٣ ساڵی را بردودا چاودێری تەواوی گۆڕانی یاسایی، سیاسی، ئابوریو شتی تری کردوەو لەبەرامبەر هەموجۆرە رەوتێك، کەهەما هەنگ بەپێوەرە خۆرئاواییەکان بۆ مافی مرۆڤو ئازادییە سیاسییەکان نەبووبێ ، کاردانەوەی یەک سەریو کاری گەری نی شان داوە. بۆ نمو نە دەتوانرێ ئاماژە بۆ کاردانەوەی یەکێتییەکە لەبەرامبەر هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا دەربارەی تاوان بارکردنی لەیلا زا نا لەچوارچێوەی یاسای نوێی سزادانی ئەم وڵاتەدا بکرێ. لەژێر هەڕەشەی یەکێتییەکەدا، سەرۆك وەزیرانی تورکیا لەڕوی ناچارییەوە سەرجەم ئەو کۆمەڵە یاسایانەی سزادانی کێشایەوە.

چاوەڕوانی زیاتر لەتورکیا بۆ ئەنجامدانی ریفۆرمی ئابوریی فراوانتر دەکرێ، بۆ نمونە باشکردنی بارودۆخی خز مەتگوزاریی گشتیو کۆنترۆڵکردنی خەرجییە گشتییەکان، زیادکردنی رەوتی تایبەتی کردنو ری فۆرمی سی ستمی باجو جێ بەجێکردنی لەپێناو کۆنترۆڵکردنی بازاڕی رەش، کەنیوەی کاروبارەکان لەخۆدەگرێ. ئەم هەنگاوانە بەڵای (ECD)ـەوە بۆی هەیە هەڵاوسان بەو تێکرا ١٢٪ی ئێستا کەم بکاتەوە گەشەی ئابوری درێژخایەن بەشێوەیەکی جێگیرو بەئاستی ٧٪ لەساڵێکدا مسۆگەر بکا.

بۆ پاساودانی هەلومەرجە دانراوەکە(رومانو پرودی)ی سەرۆکی پێشوی کۆمیسیۆنی ئەوروپا رایگەیا ند کەیەکێتییە کە لە بەئەندامبونی تورکیا ناترسێ، بەڵکو پێویستە دڵنیا بێ کەئەوەی لەماوەی ٥٠ ساڵدا بینای کردوە، ساز شی لە سەر ناکرێ. هەروەها بۆ پەیوەندی کردنی وڵاتانی تریش جۆرە بەرپەرچدانەوەیەك بۆ دۆخەکانی سەرپێچی کردن لەمافی مرۆڤ رەچاو کرابوو ئەو رەوشە تازە نییە. دانانی هەلومەرجی سەخت بۆ ئەمەیە تا تورک یا دە ست لەریفۆر مەکان هەڵ نەگرێ، چونکە ئە ندامانی یەکێتییەکە دەیانەوێ دڵنیا بن کەبەرنامە پەیوەندیدارەکان بەبودجەی تورکیا، یان هێزی هەرزانو فراوانی ئەم وڵاتە، زیانیان پێ ناگەیەنێت.

بۆ ڕەواندنەوەی ترسی ئەوروپیەکان لەهێرشی کرێکارانی سادەو نەخوێندەوار، یەکێتیەکە چەند ڕێوشوێنێکی هەمیشەیی و سەختی بۆ کۆچکردنیان داناوە. جگە لەمە، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی لەدزەکردنی کێشە ئابوریەکانی تورکیاو بەواتایەکی تر هەژارکردنی ئەوروپا، یەکێتیەکە چەند گرەنتیەکی پێش سود وەرگرتنی تورکیا لەیارمەتییە زۆرەکانی کشتوکاڵ و کۆمەکی ناوچەیی، پێشبینی کردوە.

تەنها خاڵی پۆزەتیڤی سەرانی یەکێتی ئەوروپا بۆ تورکیا بریتی بوو لەمەی کەگفتوگۆکان بۆ مەسەلەی بەئەندامبوونەو شێوەیەکی تری پەیوەندیکردن لەبەرچاو نیە.

پێویستە بگوترێ کەئامۆژگاری کۆمیسیۆنەکە، یەکەمین لەرزەی خستە جەستەی نەیارانی بەئەندامبونی تورکیاوە. بڕیارانی سەرانی یەکێتیەکە، ئاوێکی پاکژی بەدەستی هەموان، بەلایەنگرانو نەیاراندا، لەهەردو دیوی سنور، ڕشت، بۆ ئەوەی هەردو دیو، خۆیان بۆ مشتومڕەکان ئامادە بکەن. وەزارەتی دەرەوەی تورکیا هەنگاوی یەکەمی ناو نارەزایی خۆی دەربارەی مەسەلەی قوبرس ڕاگەیاندو ئەوروپیەکانیش گوێی خۆیان بۆ زەنگی سەرپێچی کردنی لەبنەماکانی مافی مرۆڤو سستبوونی ڕەوتی ریفۆرمەکان هەڵخستوە.

## ناسینی قوبرس

یەکێ لەبابەتە مشتومڕ هەڵگرەکان، ئەوەی لێدوانی سەختی لەبارەوە کراوە، مەسەلەی ناسینی قوبرسە لەلایەن تورکیاوە. یۆنانو قوبرسو زۆرێ لەسەرانو حزبەکانی ئەوروپا دەڵێن چۆن دەتوانرێ گفتوگۆ لەبارەی ئەندامێتیەوە لەگەڵ تورکیادا بکرێ، لەکاتێکدا ئەم وڵاتە، قوبرس، واتە یەکێ لە٢٥ ئەندامەکەی یەکێتیەکە، بەرەسمی نا ناسێ. لەسەرێکی ترەوە حکومەتی تورکیا دەڵێ کەسەرجەم هەوڵەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەکە ئەنجامداوەو پاش ڕەزامەندبوون لەسەر پرۆژەکەی کۆفی ئەنان لەساڵی ڕابردودا، پشکی خۆی بەجێهێناوە.

شایانی باسە نزیکەی ٣٠ساڵ لەمەوبەرو پاش کودەتایەك لەبەشی یۆنان نشینی قوبرس، کە لەپێناو لکاندنی بەشەکە بەیۆنان بەرپا کرابوو، هێزەکانی تورکیا بەشی باکوری تورك نشینیان داگیر کردو ئەم بەشەش سەربەخۆیی خۆی جاڕدا، بەڵام تەنها تورکیا ئەم حکومەتەی بەرەسمی ناسیوەو هێزەکانی هێشتا لەم بەشەی دورگەی قوبرسدا جێگیرنو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ کۆفی ئەنان پرۆژەیەکی بۆ یەکخستنەوەی هەردو بەشی باکورو باشوری دورگەکە بەپشتیوانی یەکێتی ئەوروپا پێشنیاز کرد، کەبەشی تورك نشینو تورکیا پەسەندیان کرد، بەڵام بەشە یۆنانی نشینەکە پەسەندی نەکردو سەرەنجام تەنها ئەم بەشەش چووە یەکێتی ئەوروپاوە.

لەم هەلومەرجەدا تورکیا پێی وایە کەناتوانێ چیتر هەنگاو بۆ پاشەوە بنێو تورکەکانی قوبرس، کەپێش ٣٠ ساڵ بەپشتیوانیی خۆی هاتنە ناو مەیدانی نێودەوڵەتیەوە، بەتەنها بهێڵێتەوە. هەرچۆنێ بێ، بەرەنگاربونەوەی سەرانی یەکێتیەکە وایکرد کەسەرەنجام هەردولا جۆرە سازشێك بکەن، بەجۆرێ تورکیا ڕێککەوتننامەی ١٩٦٣ (لەگەڵ کۆمەڵی ئابوری ئەوروپا) کەبریتین لە١٠ ئەندامی تازە لەگەڵ قوبرس بکا. پێویستە بوترێ کەکاربەدەستانی تورکیاو تەنانەت سەرۆکی دەوری یەکێتیەکە(هۆڵەندا) بەڕاشکاوی گوتویانە کەئەمە مانای بەرەسمی ناسین یان تەنانەت دیفاکتۆی قوبرس نیە. بە شێوەیەکی گشتی هەردولا پێیان وایە کەئەم وەرچەرخانە ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە تەخت دەکا.

## ڕۆڵ و مەیلی ئەمریکا

جۆرج بوش وەك سەر کۆمارەکانی پێش خۆی، هەمیشە پشتیوانی لەپەیوەندی کردنی تورکیا بەیەکێتی ئەوروپاوە دەکاو ئەم پشتیوانی کردنە ئاشکراو سیستماتیك، چ لەواشنتۆن لە٢٨ کانونی دوەمی ٢٠٠٤و لەکاتی چاوپێکەوتنی ئۆردۆغان، یان ئەوکاتەی سەردانی تورکیای بۆ بەشداربون لەکۆبونەوەی ئەندامانی ناتۆ لەئەستەمبوڵ لە ٢٩ حوزەیرانی ٢٠٠٣دا کردو لەزانکۆی(گالاتاسەرای)دا دوپاتی کردوەتەوە. بوش لەدوو ڕووەوە پەیوەندی کردنی تورکیا بەیەکێتی ئەوروپا بەگرنگ دەزانێ، یەکەم چونکە دەبێتە هۆی باشبونی پەیوەندی نێوان جیهانی ئیسلامو ڕۆژئاواو دوەم دەیسەلمێنێ کەئەگەری بەجێهێنانی تەواوی دیموکراسی خۆرئاوایی لەکۆمەڵێکی ئیسلامیدا هەیە سەرباری ڕاستی یان ناراستی ئەم هەڵێنجانە، ئەوروپیەکان بەدەستوەردانی ئەمریکا لەم بارەوە خۆشحاڵ نین.

نەیارانی بەئەندامبونی تورکیا دەڵێن کەپشتیوانی کردنی ئەمریکاو بەریتانیا لەتورکیا لەو سۆنگەیەوەیە کەتورکیا لە سایەی دانیشتوانە٧٠ ملیۆنییەکەیەوە، ڕێگا لەدروستبونی ئەوروپایەکی فیدراڵ، ناوەندەکەی بەرلینو پاریس بێ، بگرێ.

ژمارەیەك بیریار بۆ ئەمە دەچێ کەتورکیا پاش بەئەندامبون لەیەکێتییەکە لەجاران زیاتر لەئەوروپا نزیك دەبێتەوە و بەمجۆرە هاتنە ریزەوە یان جیابونەوەی تورکیا، هەردوکیان بەجۆرێ دەبێتە یەکێ لەفاکتەرەکانی ناکۆکی نێوان ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا.

پێشبینی دەکرێ لەگەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆکاندا، ڕەوتی خێرای سیاسی بوونی ئەوروپا کەم بێتەوە، چونکە ئەم مەسەلەیە کاریگەری لەسەر ئەو راپرسییە دەبێ کەژمارەیەك وڵات بۆ بەجێهێنانی دەستوری ئەوروپا ئەنجامی دەدەنو بێگومان راستو دروستی ئەم پێشبینییە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆمەکە دەردەکەوێ.

بەبۆچونی هەندێ کەس، بەئەندامبونی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا، پەیوەندییەکانی هەردو دیوی ئەتلانتیك بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگۆڕێ، بەجۆرێ ئەم کەلێنە کاتییەی ئێستا دەکاتە هەمیشەیی. هەروەها ئەم گروپە پێی وایە کە لەوانەیە پەیوەندیی باو و بەهێزی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیل، کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی ئەوروپا لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دانێ یان بەپێچەوانەوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیاو ئیسرائیل روەو ساردی بنێو سەرەنجام درزێکی زیاتر لەپەیوەندییەکانی یەکێتیو ئەمریکا لەڕوی سیاسەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بکا.

## کاریگەرییە لاوەکییەکانی بەئەندامبونی تورکیا

دەستپێکردنی گفتوگۆی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا، بەئامانجی کۆتایی لەبەئەندامبونی ئەم وڵاتە، بۆیە هەیە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر پەیوەندی نێوان ئەنقەرەو وڵاتە هاوسنورەکانی دانێ. پێش هەمو شتێ تورکیا لەڕوی ناچارییەوە دەبێ وردە وردە پێوەرەکانی یەکێتی ئەوروپا لەپەیوەندییەکانیدا پەیڕەو بکا. ئەگەر یەکێتییەکە وڵاتێکی بلۆك کرد یان سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەری گرتە بەر، ئەوا تورکیاش پێویستە لەبەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی ببوێرێو پەیڕەوی لێ بکا. بۆ نمونە، دۆخەکانی هەڵوەشاندنەوەی ڤیزا لەگەڵ وڵاتە هاوسنورەکاندا دەگۆڕێ. هەروەها پێویستە لەبەستنی ڕێککەوتننامەو پەیمان لەگەڵ وڵاتانی هاوسنور، ڕەچاوی پێوەرەکانی یەکێتییەکە بکاو بەتێپەڕبونی کات، ڕێڕەوی هاوردەو هەناردە باوەکانیشی بەئەگەری زۆر بگۆڕێ.

ئەگەرچی تورکیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕێگایەکی کەم تازۆر جودای لەوڵاتە موسڵمانەکانیتر لەڕوی جیاکردنەوەی دین لەسیاسەت بڕیوەو پەیوەندیو پەیمانی سەربازی- سیاسی لەگەڵ رۆژئاوا هەیە، بەڵام ئەم سیمایەی سیاسەتی ناوخۆو دەرەکی، رەهەندی فراوانتر لەخۆ دەگرێو شێوازێکی راستەوخۆی ئەوروپایی پێ دەبەخشێو پەسەندکردنی ئەم مەسەلەیەش لەلایەن وڵاتە هاوسنورە موسڵمانو موحافەزەکانەوە بێگومان هەندێ گۆڕانی بەدواوە دەبێ کەبەش بەحاڵی خۆی هەم کاریگەریی لە سەر بارودۆخی ناوخۆیی ئەم وڵاتانەو هەم لەسەر پەیوەندییە دو قۆڵییەکان لەگەڵ تورکیا دەبێ.

ئەوروپاو ئەمریکا هیوا دەخوازن ئەندامێتی تورکیاو پتەوبونی دیموکراسی لەم وڵاتەدا، ببێتە مایەی بڵاوبونەوەی بەها خۆرئاواییەکان لەوڵاتە هاوسنورەکانی تورکیاداو بەلای خۆیەوە ئەنقەرە ببێتە نمونەیەك بۆ ئەم وڵاتانەو جۆری بیرکردنەوەی زۆربەی خەڵکی ئەم وڵاتانە بەرامبەر بەخۆرئاوا بگۆڕێ. سەرکەوتنی ئەم ستراتیجییەش بەندە بە چۆنێتی مامەڵەی وڵاتانی ناوچەکە بەمەسەلەی ئەندامبونی تورکیاوە.

هێزی کاری فراوانو هەرزانی تورکیا وادەکا دەرفەتی کارکردنی هاووڵاتیانی وڵاتانی تری ناوچەکە لەیەکێتی ئەوروپادا کەم بێتەوەو ئاستی کۆچکردنیان دابەزێنێ، بەڵام لەماوە درێژداو لەسایەی وەرگرتنی کۆمەکی ئابوری، راکێشانی سەرمایەی دەرەکیو سەرەنجام مکوم بونی باری ئابوریی وڵاتو بەرزبونەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵك، گومان دەکرێ تورکەکان پێیان باشتر بێ لەوڵاتی خۆیاندا بمێننەوەو تەنانەت ژمارەیەکی ئەوانەی هەندەرانیش بگەڕێنەوە. لەم دۆخەدا کایەیەکی زیاتر لەئەوروپا بۆ وڵاتانی تر دەکرێتەوە.

## پوختەی باسەکە

پاش چەندین ساڵ هەوڵو ئەنجامدانی ریفۆرمی فراوان لەڕێی یاسادانان بەتایبەتی لەدوو ساڵی رابردودا، سەرەنجام تورکیا توانی قەناعەت بەیەکێتی ئەوروپا بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆی بەئەندامبون لەیەکێتییەکەدا بکا. سەرباری رازیبونی حکومەتەکان، کەچی زۆرێ لەخەڵکی ئەوروپا، حزبە سیاسییەکانو گروپە ناحکومییەکان دژی ئەم رەوتە وەستاونەتەوە، ئەمیش

لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە هەلومەرجی جوگرافی، دانیشتوانی زۆر، هەژاریو مەزهەبو کەلتوری جیا. نەیارانی پەیوەندی کردنی تورکیا بەیەکێتی ئەوروپاوە دەڵێن کەئەندامبونی تورکیا مانای نابودی یەکێتییەکەیە. شایانی باسە هیچ یەکێ لەلایەنگرانی بەئەندامبونی تورکیا، چ حکومەتەکانو چ حزبە سیاسییەکان، ئامۆژگاری بۆ پەیوەندی کردنی یەکسەرەی ئەم وڵاتە ناکەنو لەم سۆنگەیەوە دەتوانرێ بوترێ کەسەرجەم ئەوروپا هاودەنگن.

بەلای تورکیاوە، بەئەندامبون لەیەکێتی ئەوروپا ئیمتیازی ئابوری، سیاسیو کەلتوری ئێجگار زۆری دەبێو ئەنقەرە ماوەیەکی زۆرە خۆی بۆ ئەم ئیمتیازانە ئامادەکردوە.

بۆ چونە ناو یانەی ئەوروپاوە، تورکیا دەستی بەریفۆرمی یاسایی بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە سیاسییەکان، مافی ژنانو کەمینەو ئازادییە ئابورییەکان کردوە. بەڵام کۆمیسیۆنی ئەوروپا سەرەڕای دەستخۆشی کردن لەتورکیا، داوای درێژە پێدانی ریفۆرمو فراوانترکردنی دەکا.

نەیارانی بەئەندامبونی تەواوی تورکیا لەچەند مانگی رابردودا بەتایبەتی هەوڵیاندا کەجۆرێکی تری پەیوەندی کردنی وەك((هاوبەشی تایبەتی))و شتی تر وەك ئەلتەرناتیڤ بدۆزنەوە، بەڵام تورکیا بەتوندیو سەختی پێی لەسەر هەڵوێستی خۆی داگرت، واتە داوای ئەندامێتی تەواوی کرد.

ئەگەرچی حکومەتی تورکیا مەرجەکانی کۆمیسیۆنی رەتکردەوە، بەڵام زۆرێ لەتورکەکان ئەم مەرجانەیان وەك بەجێهێنانی شێوەیەکی جودا لەدۆخەکانی پێشوی خواستی پەیوەندیکردنەکە لەقەڵەمدا. ئەم مەرجانە کەزیاتریان دورودرێژ بونی گفتوگۆکانو هەڵپەساردنی، ئەگەر سەرپێچی لەبنەماکانی مافی مرۆڤ یان پچڕاندنی ریفۆرمەکان بەدی دەکرا، هەروەها دانانی چەند سنوردارێتییەك بۆ گواستنەوەو هاتوچۆی هێزی مرۆیی، لەوڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە دەگرێتەوە، بەپێی هەلومەرجی تایبەتی تورکیا رەچاو کراون.

خەڵکی بەگشتیو گەنجەکانی پایتەخت بەتایبەتیو لەڕاستیدا ماکی ناوەندی کۆمەڵی مەدەنی تورکیا بەگەشبینی دەڕواننە بڕیارەکەی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام پیرەکانی کۆمەڵ وەك هەمیشە بەرەشبینیی ئاسایی خۆیانەوە تەماشای خۆرئاوا دەکەن.

ئەگەرچی تورکەکان داوای هەلومەرجی یەکسان بۆ هەموو کاندیداکانی ئەندامێتی دەکا، بەڵام ئەم وڵاتە لەڕاستیدا لەدۆخەکانی تر جیاوازەو ئەم جیایییە واتای کەموکوڕی تورکیا نییە، وەکو کاردانەوەیەکی راستییەکانی بەردەستە. ئەو١٠ یان ١٥ ساڵەی، کەزیاتر لایەنگرانی تورکیا بۆ گفتوگۆکان پێشنیازیان کردوە، رێگایەکە بۆ ئامادەکردنی خەڵکی تورکیاو سیستمی تورکیا، هەروەها بۆ سازدانی خەڵکی ئەوروپاش بۆ قبوڵکردنی ئەم گۆڕانە.

مەرجەکەی تر، واتە سنوردارێتی کۆچکردنی تورکەکان بۆ وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە، لەبەر چەند هۆیەك، لەوانە ناڕەزایی گشتیی خەڵکی ئەوروپا لەکۆچکردنی بەکۆمەڵ، دانراوە. لەبەرئەوەی چەندین ملیۆن هاوڵاتی تورکیا لە ئەڵمانیاو وڵاتە ئەوروپییەکانی تردا دەژین، کۆچکردنی بەکۆمەڵ ستراکتۆری دانیشتوانی زۆر لەوڵاتان دەگۆڕێ.

هەڵپەساردنی گفتوگۆکان ئەگەر رەوتی ریفۆرم پەکی بکەوێ یان حکومەت شکست بێنێ لەجێبەجێ کردنی ریفۆرمەکان، هەلومەرجێکی وا پێك دێنێ کەحزبێکی مەیل جیاواز کاروبار بگرێتە دەست.

تورکەکان دان بەوەدا دەنێن کەدەستپێکردنی گفتوگۆکانی بەئەندامبون، بەلای یەکێتی ئەوروپاوە گۆڕانێکی گەورەیە، چونکە تورکیا چەندین ساڵە بڕیاری خۆی بۆ گۆڕانو هەماهەنگی کردن داوە، بەڵام یەکێتییەکە هەمیشە ڕاڕابوەو ئەم بڕیارەی دوایی، بەهەڵبژاردن لەنێوان راستییە جیهانیو ناوچەیییەکانو ئامانجە ئەوروپییەکان لەقەڵەم دەدرێو. بۆ نمونە یەکێتی ئەوروپا خۆی بەیانەیەکی تایبەتی مەسیحییەکان دانانێ.

بەشێوەیەکی گشتیی دەستپێکردنی گفتوگۆ، نیشانەی گرنگیی ستراتیجی، سیاسیو ئابوری تورکیا بۆ ئەوروپا دەردەخاتو لایەنگرانی ئەندامێتی تورکیاش بەتەواوی لەم راستییە تێگەیشتون.

پەیوەندی کردنی تورکیا بمانەوێو نەمانەوێ کاریگەری لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقیا، قەوقازو ئاسیای ناوەند، لەسەر پەیوەندییە دوو قۆڵییەکان لەگەڵ ئەم وڵاتانەو تورکیاو لەسەر پەیوەندی یەکێتی ئەوروپا بەکۆمەڵو تاك تاك دەبێ. ئەم روداوە وەرچەرخانێك لەمێژوی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست دەکا کەئاسەوارەکەی بەتێپەڕبونی کات دەردەکەوێ.

یەکێتی ئەوروپا بەڵگەکانی لەسەر حکومەتی تورکیا تەواو کردوەو بەهیچ کلۆجێ ئامادە نییە سازش لەسەر بەها ئەوروپییەکانی وەك رەچاوکردنی دیموکراسی، مافی مرۆڤو ئازادییە بنەڕەتییەکان بکاو شان بەشانی دەستخۆشیکردن لەتورکیا

لەپای هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی ئەو دۆخانەی سەرەوەو بڕیاردان بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆکان، لەنزیکەوە رەوتی کاروبارەکان دەخاتە ژێر چاودێرییەوەو ((پێوانی رێگاکە)) بۆ تورکیا درێژە دەکێشێ.

## رونکردنەوەکان

*لەیلا زانا

ئەندامی پێشوی پەرلەمانی تورکیا، پاش ١٠ ساڵ لەوەرگرتنی خەڵاتی ساخارۆف لەزیندان ئازاد کرا. پەرلەمانی ئەوروپا ساڵی١٩٩٥ خەڵاتی ساخارۆف-ی لەپای کارە ئاشتیخوازەکانی ئەم ژنە لەبواری پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، بەناوبراو بەخشی. لەیلا زانا ساڵێك پێشتر بەتۆمەتی هاوکاری کردنی یاخی بوانی کورد، خرایە زیندانەوە. بەڵام پاش نارەزایی یەکێتی ئەوروپا، حکومەتی ئەنقەرە لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٤دا لەزیندان ئازادی کرد. زانا لەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتەکەیدا وتی: سەردەمی توندو تیژی بەسەرچوەو رەوشی ئەمڕۆ بریتیيە لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکان، گفتوگۆ، سازش‌و ئاشتی.

**بەرلین، پایتەختی تورکەکانی ئەوروپا

٣٠٠هەزار هاولاتی تورکیا لەم شارەدا دەژین. بەهەمان شێوەی هیندیيەکانی بەریتانیا کە چۆن برنج‌و کاری‌و مریشکی بەتەنوریان کردوەتە خۆراکی باو لەم ولاتەدا. تورکەکانیش کەبابیان کردۆتە یەکێ لەخۆرا کە جەماری یەکانی ئەڵمانیا. پاش ئاسانتربونی یاسای بەدەستهێنانی هاوولاتییێتی، زۆرێ لەتورکەکان بەهاولاتێتی ئەڵمانیيان وەر گرت‌و لەرێگای هەڵبژاردنەوە دەست لەسیاسەتی ولات وەردەدەن. شرۆیدەر لەهەڵبژاردنی پێشودا(٢٠٠٢) لە سایەی بەدەستهێنانی٦٣٠ هەزار دەنگی تورکەکانەوە، هەڵبژاردنەکەی بەجیاوازیيەکی کەم بردەوە، بۆیە هەندێ کەس ناوبرا بە((سەرۆك وەزیرانی کروزبیرگ)) لەقەلەم دەدەن. تا هەڵبژاردنی گشتیی پاشتر، ژمارەی دەنگدەرە تورکەکان دەگاتە نزیکەی ٨٠٠ هەزار کەس‌و ئەم ژمارەیە دەنگ بۆ کێ بدا، ئەوا بایەخی خۆی دەبێ. کاریگەریی دەنگی موسڵمانەکان لەولاتەکانی تری وەك فەرەنساو بەریتانیاش رووی لەزیادبوونە.

کەمال رەشید شەریف لەفارسییەوە وەریگێڕاوە